Zanco Journal of Human Sciences (ZJHS)

TYPE: Original article
DOI https://doi.org/10.21271/zjhs.29.1.6

OPEN ACCESS

*Corresponding author
Ismail Hamadameen Sleman
ismail.sleman@su.edu.krd

RECEIVED :26 /08/2024
ACCEPTED :30/09/ 2024
PUBLISHED : 15/02/ 2025

# دەقئاوێزانی کولتوری لە دیوانی(کارێزە مەرجان)ی موحسین ئاوارەدا

**اسماعیل حمدامین سلێمان/** بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە/شەقڵاوە، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر،هەرێمی کوردستان ،عێراق

**وشە سەرەکییەکان:**
دەقئاوێزان
کولتور
موحسین ئاوارە
دابونەریت
فۆلکلۆر

**پوختە**

دەقئاوێزانی کولتوری لە دیوانی ( کارێزە مەرجان)ی موحسین ئاوارەدا، توێژینەوەیەکی زانستییە و بەرگی یەکەمی دیوانی (کارێزە مەرجان)ی (موحسین ئاوارە) وەک کەرەستەی ئەو توێژینەوەیە بەکارهاتووە. لە توێژینەوەکەدا پشت بە ڕێبازەکانی (وەسفی – شیکاری) بەستراوە ، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ زیاتر شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان کولتور و ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی و وێستگەی بە یەککەیشتنیان. کولتور بەشێکی گرنگی نەتەوەیە و هۆکاری سەرەکی مانەوە و زیندووهێشتنەوەی نەتەوەکانە .

لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێک پرسیاری سەرەکی هەبوون بە پێی توانا وەڵامان داوەتەوە، بۆ نموونە: چەمک و زاراوەی دەقئاوێزان چییە؟ یاسا و جۆرەکانی کامانەن؟ هەروەها چەمک و زاراوەی کولتور چییە و بەشەکانی کامانەن؟ ئایا موحسین ئاوارە لەم دیوانە شیعرییەدا تا چ ڕادەیەک توانیویەتی گشت بەشەکانی کولتور دەقئاوێزانی ناو دەقی شیعرەکانی بکات؟ بەدرێژایی توێژینەوەکە هەوڵماندواوە بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە.

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام ولیستی سەرچاوەکان و پوختە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە: بەشی یەکەم خۆی لە دوو تەوەرەی سەرەکی دەبینێتەوە : تەوەرەی یەکەم باسی چەمک و زاراوەکانی دەقئاوێزان، پێناسەی دەقئاوێزان، باسی جۆر و یاسا و میکانزمەکانی دەقئاوێزان کراوە. تەوەرەی دووەمیش باسی چەمک و زاراوەی کولتور و پێناسەی کولتور، بەشەکانی کولتور کراوە. بەشی دووەم بەشێوەکی پراکتیکی بەرگی یەکەمی دیوانی (کارێزە مەرجان)ی شاعیر(موحسین ئاوارە)مان وەرگرتووە، بە پێی توانا گشت بەشەکانی کولتورمان باسکردووە.

**About the Journal**
Zanco Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی :**

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی(دەقئاوێزانی کولتوری لە دیوانی(کارێزە مەرجان)ی موحسین ئاوارەدا) هەوڵێکە بۆ زیاتر شیکردنەوەی پەیوەندی نێوان کولتور و ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی و وێستگەی بە یەکگەیشتنیان، لە ڕوانگەی ئەم دیوانە شیعریەوە ئەوەمان ڕوونکردۆتەوە کە کولتور ئاوێنەیەکە تەواوی ژیانی مرۆڤایەتی تێدا ڕەنگدەداتەوە. کولتور بە بەشێکی گرنگی نەتەوە دادەنرێت و هۆکاری سەرەکی مانەوە و زیندووهێشتنەوەی نەتەوەکانە. ئێمە لەم توێژینەوەیەدا زیاتر مەبەستمانە باس لە دەقئاوێزانکردنی بەشەکانی کولتور بکەین، لە بەرگی یەکەمی دیوانی(کارێزە مەرجان)ی موحسین ئاوارەدا.

**سنوری توێژینەوە:**

سنوری توێژینەوەکە بە دیاریکراوی باسکردنە لە چەمکەکانی(دەقئاوێزان، کولتور)، هەروەها دەقئاوێزان و ڕەنگدانەوەی بەشەکانی کولتورە لە بەرگی یەکەمی دیوانی(کارێزە مەرجان)ی موحسین ئاوارەدا.

**هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

لە هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەدا چەندین هۆکار هەیە بۆ توێژەر دەبێتە پاڵنەر، یەکێک لەوانە بایەخ و گرنگی چەمکەکانی دەقئاوێزان و کولتورە لە ئەدەب بە گشتی و شیعر بە تایبەتی، هەروەها زانینی تێڕوانینی(موحسین ئاوارە) بۆ چەمکی کولتور و ڕادەی دەقئاوێزانکردنی بەشەکانی کولتورە لە بەرگی یەکەمی دیوانە شیعرییەکەیدا.

**ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە بیسەڵمێنین شاعیرانی هاوچەرخ بە گشتی و موحسین ئاوارە بە تایبەتی چۆن سودیان لە بابەتە کولتورییەکان وەرگرتووە، بە چ شێوەیەک دەقئاوێزانی ناو دەقی شیعرەکانی خۆیان کردووە.

**پرسیاری توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێک پرسیاری سەرەکی هەبووە بە پێی توانا وەڵاممان داوەتەوە لەوانە: چەمک و زاراوەی دەقئاوێزان چییە؟ یاسا و جۆرەکانی کامانەن؟ هەروەها چەمک و زاراوەی کولتور چییە و بەشەکانی کامانەن؟ ئایا موحسین ئاوارە لەم دیوانە شیعرییەدا تا چ ڕادەیەک توانیویەتی گشت بەشەکانی کولتور دەقئاوێزانی ناو دەقی شیعرەکانی بکات؟ ئایا ئاوارە تا چ ڕادەیەک سودی لە کولتوری جیهانی وەرگرتووە ؟

بەدرێژایی توێژینەوەکە هەوڵمانداوە بەشێوەی تیۆری و پراکتیکی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە.

**ڕێبازی توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازەکانی(وەسفی، شیکاری)مان بەکارهێناوە، بۆ قسەکردن لەسەر چەمک و زاراوەی دەقئاوێزان و کولتور ڕێبازی(وەسفی)مان بەکارهێناوە. لە بەشی پراکتیکیشدا بە ڕێبازی(شیکاری)مامەڵەمان لەگەڵ دەقە شیعرییەکاندا کردووە.

**پێکهاتەی توێژینەوە:**

بەشێوەیەکی گشتی توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام ولیستی سەرچاوەکان و پوختە بە زمانی ئینگلیزی لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

بەشی یەکەم خۆی لە دوو تەوەرەی سەرەکی دەبینێتەوە، تەوەرەی یەکەم ناساندنی چەمک و زاراوەی دەقئاوێزانە، خۆی لە سێ بابەتدا دەبینێتەوە: بابەتی یەکەم باسی چەمک و زاراوەکانی دەقئاوێزان کراوە. لە بابەتی دووەمدا پێناسەی دەقئاوێزان کراوە و تێدا بۆچوون و تێڕوانینی کۆمەڵێک نووسەر و لێکۆڵەرانی بوارەکە خراوەتەڕوو. بابەتی سێیەمیش خۆی لە باسکردنی جۆر و یاسا و میکانزمەکانی دەقئاوێزان دەبینێتەوە.

تەوەرەی دووەمیش ناساندنی چەمک و زاراوەی کولتورە، ئەمەش لە سێ بابەت پێکهاتووە: بابەتی یەکەم باسی چەمک و زاراوەی کولتور کراوە، بابەتی دووەم باسی پێناسەی کولتور کراوە و تیادا کۆمەڵێک بۆچوون و پێناسە باسکراوە. بابەتی سێیەمیش بەشەکانی کولتور ڕوونکراوەتەوە.

بەشی دووەم بەشێوەکی پراکتیکی بەرگی یەکەمی دیوانی شیعری(کارێزە مەرجان)ی شاعیر(موحسین ئاوارە)مان

وەرگرتووە، بە پێی توانا گشت بەشەکانی کولتورمان باسکردووە.

## ١.ناساندنی چەمکەکانی ( دەقئاوێزان ، کولتور )

### ١.١ ناساندنی چەمک و زاراوەی دەقئاوێزان

#### ١.١.١ زاراوەی دەقئاوێزان:

دەقئاوێزان زاراوەیەکی نوێیە لە ناو ئەدەب بە گشتی و ڕەخنەی ئەدەبی بە تایبەتی، بە شێوەیەکی گشتی دەقئاوێزان بریتییە لە تێکەڵکردن و چوونەناویەکی دوو دەق یان زیاتر بە مەبەستی بەدیهێنانی دەقێکی تازە. زاراوەی دەقئاوێزان(لە بنەڕەتدا وشەیەکی لاتینییە لە زاراوەی " intertext "ی فەرەنسیەوە وەرگیراوە، کە ئەویش لە " inter " واتە ئاڵوگۆڕکردن، " text " واتە دەق پێکهاتووە)(عزیز، ٢٠١٩،ل١١٤).

دەقئاوێزان لە زمانە جیاوازەکاندا چەندین شێواز و فۆرمی جیاوازی بۆ بەکارهاتووە (لە زمانی ئینگلیزی " intertexuality " و لە زمانی عەرەبی زاراوەی "التناص" و لە زمانی فارسیشیدا زاراوەی "بینامینیت " بۆ بەکارهاتووە)(حەوێز، ٢٠٢٢،ل١٧٩). لە زمانی کوردیشدا کۆمەڵێک زاراوەی جیاواز لە بەرامبەر وشەی (intertexulity) ئینگلیزی بەکارهێنراوە، لەوانە((دەقێتی، دەقامێز، دەق ئامێز، هاوتێکستی/ تێهەڵکێش، دەق ئاوێزان، نێوان دەقی ، بەناویەکداچوونی دەقەکان، دەقاوێزان، دەق ئاوێزی، ئامێزان بوون، دەقاندن، سەر لەنوێ نووسینەوە، تێکەڵبوونی تێکستەکان، هاودەقی))(بایز. ٢٠١٣،ل٣٥-٣٦). بەڵام ئەوەی لە هەموویان زیاتر چەسپاوە و لە ئێستادا بە کاردەهێنرێت، بریتییە لە زاراوەی(دەقئاوێزان) کە لە بنەڕەتدا وشەیەکی لێکدراوە و لە وشەکانی(دەق + ئاوێزان) پێکهاتووە، بۆیە ئێمەش لە توێژینەوەکەماندا زاراوەی دەقئاوێزان بەکاردەهێنین و زیاتر دەیچەسپێنین.

#### ١.١.٢ پێناسەی دەقئاوێزان:

بەهۆی ئامادەیی زۆری پرۆسەی دەقئاوێزان لە کایەی ئەدەبییدا پێناسەیەکی گشتگیر و ڕەها بۆ دەقئاوێزان نەکراوە، بۆیە هەر نووسەرێک لە گۆشەنیگایەکی تایبەت بە خۆیەوە هەوڵیداوە پێناسەی دەقئاوێزان بکات.

جولیا کریستیڤا یەکێکە لەو نووسەرانەی لەم بوارەدا ئامادەیی زۆری هەیە، لەم بارەیەوە بۆچونی وایە کە دەقاوێزان(( کۆچی دەق و بەناویەکداچوونی دەقەکانە، لە فەزای دەقێکی دیاریکراودا یان چەند وشە و زاراوەیەک یەکتر دەبرن کە لە دەقەکانی دیکە وەرگیراوبن)) (تشاندلر، ٢٠٠٨.ل٣٣٨). بە تێڕوانینی کریستیڤا دەقئاوێزان بریتییە لە گواستنەوەی هەندێ بابەت و لایەنێک لە لایەنەکانی ڕوخسار و ناوەڕۆکی دەقێک بۆ ناو دەقێکی دیکە بە مەبەستی لەدایکبوونی دەقێکی تازە، یاخود ئەو پرۆسەیە کە دەقێک دەرگا بە ڕووی دەقێکی دیکە دەکاتەوە بۆ بەدیهێنانی دەقێکی تازە. هەروەها کریستیڤا بۆچونی وایە کە((دەقئاوێزان جۆرێکە لە سود وەرگرتن لە دەقێکی دیکە، کە ئەمەش زۆرجار بە دوو شێوە ڕوودەدات: یەکەم/ دەقئاوێزانی دیار: ئەم جۆرە لە دەقئاوێزانی هەریەکە لە (وەرگرتن) و(تێئاخنین) لە خۆ دەگرێ، هەروەک بە دەقئاوێزانی بەئاگایی یان هەستیش دەناسرێتەوە. دووەم/ دەقئاوێزانی نەستی: پێی دەگوترێت دەقئاوێزانی شاراوە لەم جۆرەیاندا نووسەر بێ ئاگایە لە ئامادەیی دەقێکی دیکە لە نێو ئەو دەقەی کە خەریکی بەرهەمهێنانیەتی))(خەیات، ٢٠١٢،ل٨٧). کەواتە مەرج نییە هەمووجارێک لە پرۆسەی دەقئاوێزاندا نووسەر ئاگادار بێت یاخود بە مەبەست ئەم کردارە ئەنجامبدات.

(باختین)یش بۆچونی وایە کە دەکرێت(( لە خودی یەک وشەدا دەقئاوێزان دەرکەوێت، چونکە دەقئاوێزان پرۆسەیەکی زیندووە و گۆڕاوە، هەمیشە ئاڵوگۆڕ و گفتوگۆی تێدا ڕوودەدات))(کریستڤا، ١٩٩١، ل٢١) کەواتە دەقئاوێزان پرۆسەیەکی زۆر چالاکە دەگونجێت لە یەک وشەشدا ئەنجامبدرێت، چونکە دەقئاوێزان ئامادەیی زۆری هەیە لە ناو دەقە نوێیەکان، لە وشەیەکەوە تا دەقێک دەکرێت ئەم کردارەی تێدا ئەنجامبدرێت. بۆیە (ڕۆڵان بارت) لەم بارەیەوە بۆچۆنی وایە کە((دەقئاوێزان قەدەری هەموو دەقێکە))(جوف،٢٠٠٤،ل١٢٢). کەواتە کارێکی زۆر ئەستەمە هیچ دەقێک بتوانێت خۆی لە پرۆسەی دەقئاوێزان بیبەری بکات، جا مەرج نییە شێوازی کاریگەرییەکە زۆر بەرچاو بێت، دەکرێت بە وشەیەک یان

ئاماژەیەک بێت. هەروەها(محمد مفتاح) لە پێناسەی دەقئاوێزاندا دەڵێت: ((لکاندنی پەیوەندییەکی دەقە لەگەڵ دەقی دیکە بە شێوازی جیاواز))(مفتاح، ١٩٨٥،ل١٢١) کەواتە هەموو دەقێک بە جۆرێک لە جۆرەکان پەیوەندییان لە نێواندا هەیە، بۆیە(کریستیڤا) دەڵێت: ((هەموو دەقێک تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگە لە وەرگرتن و خواردنەوە و گۆڕینی دەقی تردا))(الغذامی، ١٩٨٥، ٣٢١).

(د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد) لەبارەی دەقئاوێزاندا دەڵێت: (( لەدایکبوونی تێکستە لە منداڵدانی تێکستەکانی دییەوە، بەنێو یەکداچوونی دەقەکانە، دەق کورتکراوەی ژمارەیەکی بێشومارە لە دەقەکانی تر، هەموو دەقێکیش لە پەیوەندییەکی هەمیشەییدایە بە دەقەکانی ترەوە))(ئەسوەد، ٢٠١٥،ل١٩١). (شنۆ محەمەد مەحمود)یش لەم بارەیەوە دەڵێت: ((دەقئاوێزان کۆکردنەوەی چەند دەقێکی جیاوازی بەرهەمهاتووە لە دەقێکی نوێدا))(مەحمود، ٢٠١٣،ل٢٥) کەواتە مەرج نییە هەموو کات دەقەکان لەگەڵ یەک یەکسان بن، بەڵکو هەندێ جار وا ڕێدەکەوێت ئەو دەقانەی دەقئاوێزانی تێدا ڕوودەدات دژی یەکبن، بەڵام شاعیر بەکاریاندەهێنێت و لە ناو دەقێکی نوێدا کۆیاندەکاتەوە. کەواتە دەتوانین بڵێین دەقئاوێزان بریتییە لە تێکەڵکردنی دوو دەق یان زیاتر بە مەبەستی سەر لەنوێ دارشتنەوەی دەقی تازە بە واتایەکی تازە. ئەمەش بەڵگەی بەئاگایی و زیندوویی نووسەرەکە دەردەخات.

سەرەتای دەرکەوتنی زاراوەی دەقئاوێزان دەگەڕێتەوە بۆ نووسینەکانی(جولیا کریستیڤا کاتێک لە ساڵەکانی ١٩٦٦–١٩٦٧ چەند توێژینەوەیەکی لە گۆڤارەکانی(Critique–Tell Quel) بڵاوکردەوە تێیدا زاراوەی دەقئاویزانی بۆ یەکەمجار بەکارهێنا، سەرچاوەی بەکارهێنانەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ لێکۆڵینەوەکانی باختین کە لە بارەی دیستۆفیسکییەوە پێشکەشی کردبوو)(عەزیز، ٢٠١٩،ل١١٤). سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم زاراوەیە لە ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ دوای ڕاپەرین، ئەمەش بە هۆی گەشەکردنی بواری وەرگێران و بەهێزبوونی پەیوەندی نووسەرانی کورد لەگەڵ نووسەرانی جیهانی و زۆری کردنەوەی پێشانگاکانی کتێب ئەمانە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، لە هاتنەناوەوەی کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی نوێ بۆ ناو زمان و ئەدەبی کوردی. ئەوەی هەیە(عبدالله تاهیر بەرزنجی بۆ یەکەمجار زاراوەی دەقئاوێزانی لە گۆڤاری(ئێستا)دا بەکارهێنا،(شنۆ محەمەد مەحمود)یش یەکەم نامەی ئەکادیمی بە ناونیشانی(دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نموونە پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت) لەم بوارە پێشکەش بە زانکۆکانی کوردستان کردووە)(بەرزنجی، ٢٠١٩ل١٥)، کەواتە سەرەتاکانی دەرکەوتنی زاراوەی دەقئاوێزان لە ناو ڕەخنەی ئەدەبی کوردی تا پێش ڕاپەرین باسی لێوە نەکراوە، ئەوەی هەشبوبێت باسکردن بووە لە بابەتەکانی(دزی ئەدەبی، تێهەڵکێش، تێلنیشان... هتد) دا.

### ١.١.٣ جۆرەکانی دەقئاوێزان:

یەکەم/دەقئاوێزانی خودی: بریتییە لەو جۆرە دەقئاوێزانەی کە لە ناو بەرهەمەکانی یەک نووسەردا ئەنجامدەدرێت، دەقئاوێزانی خودی کاتێک ئەنجامدەدرێت کە((نووسەرێک لە دەقی ئێستایی یان پێشتری خۆی دالێک یان چەند وشە و دەستەواژە و بیرێک وەردەگرێت و دەقێکی نوێی لێ بەرهەم دێنێت، ئەمەش بە پێی یاساکانی دەقئاوێزان ڕوودەدات وەک جوینەوە، مژین، دیالۆگ))(مەحمود، ٢٠١٣،ل١٠٠–١٠١) واتە نووسەر هەندێ جار بیرۆکەیەک یان وشە و دەستەواژەیەک لە دەق یان بەرهەمەکانی ڕابردووی خۆی وەردەگرێت و لە ناو دەقێک یان بەرهەمێکی ئێستایی خۆی بەکاریدەهێنێت و دەقێکی نوێی لێ دروست دەکات. بۆ نموونە لە هەردوو شیعری (نەرمە زەنگ) و (بۆ ئەو شارەی دەچم و ناچم)دا دەقێک دەقێکی تر ڕادەکێشێت و شاعیر لەگەڵ دەقێکی خۆی دەقئاوێزانی خودی دروست دەکات، شاعیر لە شیعری (نەرمە زەنگ)دا دەڵێت

((تۆو خوا ئەی خۆر

گوریسی تیشکەکانت شۆڕکەوە

با سمۆرەی تەزووی سرم پێت هەڵگەڕێ )) (ئاوارە، ٢٠١٤، ل٢٤)

هەروەها ئاوارە لە شیعری(بۆ ئەو شارەی دەچم و ناچم)دا دەڵێت:

(( تۆو خوا ئەی مانگ

رکێپ لە ئەسپی کاتژمێرم مەدە و

کارمامزی میل راومەنێ ))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٣٩)

دەقئاوێزانەکە لە شێوەی گفتوگۆدایە و شاعیر لە هەردوو دەقەدا لە شێوەی پاڕانەوە، جارێکیان تکا و داوا لە خۆر دەکات و جارێکیان تکا و داوا لە مانگ دەکات. لە هەردوو دەقیشدا داوای کات دەکات، تەنها جیاوازییەکە ئەوەیە لە دەقی یەکەمدا، داوا لە تیشکی خۆر دەکات کە تیشکەکانی بەدیاربخات، بەڵام لە دەقی دووەمدا، داوا لە مانگ دەکات کە کاتی ئاوابوون نییە و دەیەوێت هێشتا دەرفەتی پێ بدات.

دووەم/ دەقئاوێزانی قۆناغی(دەقئاوێزانی ناوەکی): ئەو جۆرە دەقئاوێزانەیە لە نێوان دوو نووسەردا ئەنجامدەدرێت، کاتێک شاعیرێک هەڵدەستێت بە وەرگرتنی بیرۆکەیەک یان وشە و دەستەواژەیەک لە شاعیرێکی دیکەی سەردەمی خۆی و لە ناو دەقێکی خۆی بەکاریدەهێنێت. کەواتە((ئەو دەقئاوێزانەیە کە لە نێوان دوو دەقدا ڕوودەدات کە هاوسەردەمن، واتە لە نێوان نەوەیەکی هاوچەرخدا))(حەوێز ٢٠٢٢،ل١٨٨) .

بەو پێیەی موحسین ئاوارە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسی شاعیر لە یەک قۆناغی مێژوویی پێکەوە ژیاون و یەک کولتور و زمانی هاوبەشیان هەبووە، بۆیە بەشێکی شیعری (ئێستا کچێک نیشتمانمە)ی شێرکۆ بێکەس لەشیعری (تاجی خەون و بازی وەهم)ی موحسین ئاوارەدا ڕەنگی داوەتەوە، (شێرکۆ) دەڵێت:

((ئەم کاتەتان باش!

من ناوم (نارەزاییە)

لەدایکبووی شاری یاخیبوون و

گەرەکی برسێتی و کۆڵانی کوێرەوەریم

لێرە بەدواوە.. من سەر بە هۆزی بێدەنگیی نیم،

من ڕێبواری سەر ڕێ و بانی

هەتا هەتای چاوەڕوانی و

دروشمی بێدەست و قاچ نیم، ))(بێکەس، ٢٠١٢، ل٨٠-٨١)

موحسین ئاوارەش دەڵێت:

((ناوی (وەهم) بوو

کچی (گریمانەی خەیاڵدروو)

لەدایکبووی گەڕەکێک بووین

گەڕەکی گومان

ماڵیشیان لە تەنیشت ماڵی ئێمەوە

له خانووی ژماره (٩٩ی خەون) (٢٢ی تەئویل))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٦٨)

شاعیر جگە لەوەی بیرۆکەی ئەو کۆپلەی لە دەقەکەی شێرکۆ بێکەس وەرگرتووە، هەروەها سوودی لە کۆمەڵێک وشە و دەستەواژە وەرگرتووە و تێکەڵ بە مەعریفە و ڕۆشنبیری خۆی کردووە و لە ڕێگەی جوینەوە دەقێکی تازەی بە کۆمەڵێک داهێنانەوە هێناوەتە بەرهەم. شێرکۆ لەو شیعرەدا دیمەنی نەهامەتی ئافرەتانی کورد دەخاتەڕوو، هەربۆیەش وەک یاخی دەردەکەون، یاخی لە کۆت و بەند و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان. شێرکۆ کۆمەڵێک لادانی واتایی لە گرێیەکانی (شاری یاخیبوون) و (گەڕەکی برسێتی) و (کۆلانی کوێرەوەری) ئەنجام داوە و وێنەی ئەو کچە دەکێشێت کە ئێستا بووە بە نیشتمانی شێرکۆ بێکەس. موحسین ئاوارەش بە سوود وەرگرتن لە بیرۆکە و وشە و دەستەواژەکان دیمەنی ئەو کاتانە دەکێشێت کە لەگەڵ یارەکەی بەسەری بردووە، بە هەمان شێوازی شێرکۆ بێکەس، دەستپێکی دەقەکە دەست پێدەکات، بەڵام بە داهێنان و جوانکارییەکی تازە. شاعیر ناونیشانی یارەکەی خۆی دەخاتەڕوو  کە خەون بەو کچەوە دەبینێت، هەر بۆیەش لە ڕێگەی ناوی وەهم و گریمانە و خەیاڵ و گومان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو ئەو کاتانەی بەسەری بردوون وەک خەیاڵن و نابن بە ڕاستی و حەقیقەت.

سێیەم/ دەقئاویزانی دەرەکی: لەم جۆرە دەقئاوێزانەدا نووسەر هەوڵدەدات پەیوەندی بکات بە دەق و بەرهەمەکانی پێش خۆی سودی لێ وەربگرێت و بە شێوازی جیاواز دەقئاوێزانی ناو دەق یان بەرهەمەکانی خۆی بکات، بەشێوەیەکی گشتی نووسەر لە دەقئاوێزانی دەرەکیدا((زۆرجار بۆ ئەفسانە و فۆلکلۆر و بابەتە مێژوویەکان و ئایین و دەقی ئەدەبی و بیروبۆچوونەکان دەگەڕێتەوە))(حەوێز، ٢٠٢٢،ل١٨٩). (موحسین ئاوارە) دەستێکی باڵای هەبووە لەم جۆرەیاندا بەتایبەتی شاعیر سودی زۆری لە ئەفسانە و داستانە خۆماڵی و دەرەکییەکان وەرگرتووە، شاعیر لە شیعری (دڵڤین)دا، دەقئاوێزانی لەگەڵ شیعرەکەی (سولەیمانی کە دارالملکی بابان بوو)ی(شێخ ڕەزای تاڵەبانی)دا کردووە و شیعرەکەی شێخ ڕەزا کردۆتە سەرچاوە بۆ دەقێکی شیعری لای خۆی. هەروەکو ئاوارە دەڵێت:

(( لەسەردەمی خۆشەویستی ئێمە بەتام بوو

وەک گەزۆی (دارالمولک)ی بابان

کە لە قووتووی دارین

لە ئاردە گەنمی شارەزوور ئەتەکێندرا

لە پشتەوەی هۆشی ئالی عوسمان و بێ ئاگایی سوخرەکێشەکانی

بەسەر باڵی هەڵۆیە ئیشراقیەکانی بەردەرکی سەرا

بەدیاری بۆ شارەکان دەنێردرا )) (ئاوارە، ٢٠١٤، ب٢، ل٢٢٠)

وەک دەبینین شاعیر لە ڕێگەی تەکنیکی هەڵمژینەوە، سوودی لە هەندێک وشە و دەستەواژە و بیر و فەلسەفەی شیعرەکەی شێخ ڕەزای تاڵەبانی وەرگرتووە. شێخ ڕەزا لە شیعرەکەیدا باس لە مێژووی ئەو کاتی شاری سلێمانی دەکات، کە لەژێر دەسەڵات و هەژموونی بابانەکان بووە، نەک لەژێر دەسەڵاتی داگیرکاری فارس و عوسمانییەکان. باس لەو دیمەنە دەکات کە سۆفی و مەلا و زاهیدەکان، کۆڕی زیکریان بەستووە، کە وەک بەڵگەیەک دەیخاتەڕوو. موحسین ئاوارە بەسوود وەرگرتن لە دەستەواژە و بیرەکانی شێخ ڕەزا، دەقێکی تازە دەچنێتەوە، شاعیر لەڕێگەی لێکچواندنەوە وێنەی تام و چێژی خۆشەویستی ئەوکاتە دەکێشێت و لە بەرامبەر گەزۆی دارالملکی بابان دایدەنێت، چۆن ئەو گەزۆیانە بۆ شارەکانی دیکە دەنێردران بێ ئەوەی ئالی عوسمان و سوخرەکێشانی ئاگاداری بن. شاعیر لەژێر هەمان کاریگەری بیری شێخ ڕەزادا، دەیەوێت مێژووی خۆشەویستی ئەوکاتە بکێشێت، کە هێشتا دارلمولکی بابان (سلێمانی) نەکەوتبووە ژێر دەسەڵاتی عوسمانی و سوخرەکێشەکانی. واتە باس لە هەمان ئەو سەردەمەی سلێمانی دەکات، کە شێخ ڕەزا ئاماژەی پێکردووە، بەڵام بە شێوازێکی جیاواز و لە ڕێگەی ئالیەتی هەڵمژینەوە دەقێکی تازەی لێ بەرهەمهێناوە.

هەروەها گرنگترین یاساکانی دەقئاوێزان پێکدێن لە یاساکانی (جووینەوە/دووبارەکردنەوە، هەڵمژین، گفتوگۆ)(عەزیز، ٢٠١٩،ل١١٦). میکانزمەکانیش دەکرێن بە دوو بەش(درێژکردنەوە: ئەناگرام، پاراگرام، دووبارەکردنەوە، تۆپۆگرافی، ڕاڤەکردن، هاوسێیەتی. هەروەها کورتکردنەوە: ئاماژە، لابردن، کورتکردنەوە، وەرگرتن، تێهەڵکێش، وەرگێران)(عەزیز، ٢٠١٩،ل١١٧–١٢٠). بۆ ئەوەی لە بابەتی سەرەکی توێژینەوەکە دوورنەکەوینەوە، تەنها ئاماژەمان بە ناوی دیارترین یاسا و میکانزمەکانی دەقئاوێزان کردووە.

## ١.٢ ناساندنی چەمک و زاراوەی کولتور

### ١.٢.١ چەمک و زاراوەی کولتور:

باسکردن و ڕوونکردنەوەی چەمکی کولتور کردەیەکی ئاسان نییە، چونکە کولتور خاوەن سروشتێکی بەردەوام و کەڵەکە بووی هەیە، لە ئەنجامی پەیمان و ڕێککەوتنەوەکانی کۆمەڵگە دروست دەبێت، بە واتایەکی دیکە کولتور خاوەن ڕەهەندێکی فراوانە، چونکە خاوەنداریەتەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرجەم نەوەکان و لە ناو هەموو میللەتێکیشدا بوونی هەیە و هەمیشە بەردەوام دەبێت، بۆیە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن و پێناسەکردن لە چەمکی کولتور ئاسان نییە.

ئاشکرایە کولتور هەموو لایەنەکانی ژیان دەگرێتەوە جا مادی بێت یان مەعنەوی، لە ناو هەموو کۆمەڵگەکانیشدا بوونی هەیە، جا ئەو کۆمەڵگەیە دواکەوتوو بێت یان پێشکەوتوو، هەروەها کولتور وەکو گەنجینەیەکی پڕ بایەخی مێژووی میللەتەکان سەیر دەکرێت کە پێکدێت لە(دابونەریت، زمان، ئەدەب، هونەر، فۆلکلۆر، جلوبەرگ، ئایدۆلۆژیا، کەرەستەکانی ناو ماڵ و بواری بیناسازی..... هتد). کەواتە کولتور بە مانا فراوانەکەی(( تەنیا کۆمەڵێکی کەڵەکەبوو لە دابونەریت و شێوازە جیاوازەکانی ژیان نییە، بەڵکو سیستەمێکی ڕێکخراوە لە ڕەفتارەکان یان شێوەی گشتی ژیانی گرووپێک یان چەند گرووپێکە لە خەڵک، ڕەگەزەکانی کولتور وەکو دابونەریت و بیروباوەڕەکان، هەروەها بەها و بیروباوەڕە، هاوبەشەکان مرۆڤەکان بە یەکەوە دەبەستێتەوە و ناسنامەی کۆمەڵایەتییان پێ دەبەخشێت))(موحسینی،٢٠٠٢، ل١٠٣) بە واتایەکی دیکە کولتور هەموو لایەن و ڕەهەند و ڕووە هاوبەشەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە، جا مادی بێ یان مەعنەوی، کەواتە کولتور هەموو گوفتار و کردارەکانی تاک لەناو کۆمەڵگەدا دەگرێتەوە.

گرنگی و بایەخی کولتور لەمەدا خۆی دەبینێتەوە کە کولتور بە یەکێک لە بنەما و کۆڵەکە سەرەکی و بنەڕەتییەکانی دەستنیشانکردن و پێوانەکردنی ئاستی ڕۆشنبیری و پێشکەوتنی هەر نەتەوەیەک دادەنرێت، لە هەمان کاتدا دەتوانین بڵێین نەتەوە بە هۆی کولتورەوە دەتوانێت کەسایەتی خۆی بنیات بنێت و دروستی بکات، بەو هۆیەوە نەتەوەکان لە یەکتری جیادەکرێنەوە، کەواتە کولتور ئەو بازنە فراوانەیە هەموو لایەن و کردار و گوفتارەکانی نەوەکانی پێشوو دەگرێتەوە.

زاراوەی کولتور( لە زمانی ئەڵمانی و زمانی ئینگلیزیدا وشەی(cultura)ی لاتینی بۆ بەکارهاتووە)(ئاشوری، ٢٠١٣،ل٣١). لە بنەڕەتدا لە(( وشەی (colere)ی لاتینیەوە سەرچاوەی گرتووە، لە واتادا پانتاییەکی بەر فراوانی هەیە: نیشتەجێبوون، کشتوکاڵکردن، پاسەوانیکردن، پەرستن))(ئامێدیان، ٢٠١٣،ل٤٣٠). هەروەها لە زمانی فارسیشدا وشەکانی(چاند، فرهنگ)ی بۆ بەکارهاتووە کە بە واتاکانی( ئەدەب، عەقڵ، پەروەردە، زانست و زانیاری، دابونەریت هاتووە)( ئاشوری، ٢٠١٣،ل٢٠). عەرەبەکانیش وشەی(تراث)یان لە بەرامبەر کولتور بەکارهێناوە، لە بنەڕەتدا بە واتایی ((ئەو شتانەی کە مردوو بۆ کەسوکاری بەجێدەهێڵێت هاتووە))(ابن المنظور ، بدون سنه ،ل١٨٩). نووسەرانی کوردیش بە سود وەرگرتن لە زاراوە ئەورووپییەکە و بە کەمێک دەستکاری دەنگییەوە زاراوەکانی(کولتور، کەلتوور، کلتوور ، کەلچە )یان بەکارهێناوە، ئێمە لەم توێژینەوەدا زاراوەی کولتورمان بەکارهێناوە.

### ١.٢.٢ پێناسەی کولتور:

کولتور لە ڕووی مەبەست و ناوەڕۆکەوە زاراوەیەکی ئاڵۆزە، کولتور چەمکێکی گشتی و فراوانە، بۆیە دەستنیشانکردنی پێناسەیەکی گشتگیر و یەکلاکەرەوە بۆ کولتور کردەیەکی ئاسان نییە، چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە:

تایلۆر یەکەم کەس بووە چەمکی کولتور و پێناسەکەی بە وردبینییەوە بەکارهێناوە(( لە کتێبی"چەند توێژینەوەیەک دەربارەی سەرەتای مرۆڤایەتی و پەرەسەندنی شارستانی دا"کە لە ساڵی ١٨٦٥دا بڵاویکردۆتەوە هەندێک جار واژەی کولتور بەکاردەهێنێت، بەڵام بە گشتی واژەی ژیار بەکاردەهێنێت، بەڵام لە ساڵی(١٨٧١)دا کولتوری سەرەتای (primitive culture)ی لەسەر کتێبەکەی خۆی دانا و لە ڕستەی دەستپێکدا بە شێوەی فەرمی و ڕاشکاوانە کولتوری پێناسە کرد))(ئاشوری، ٢٠١٣، ل١٩) لەم مێژووە بە دواوە ئەم چەمکە زانستییە لە دایکبووە و دواتر پەرەیسەندووە.

(تایلۆر) لە بارەی پێناسەی کولتوردا دەڵێت: ((کولتور مەعریفەیە، دین، هونەر، یاسا، ڕەوشت و ئاکار، دابونەریت و هەموو جۆرە توانا و ڕەوشتێک لەخۆ دەگرێت کە مرۆڤ وەکوو ئەندامێک لە کۆمەڵگەدا بە دەستی دەهێنێت))(ئاشوری ٢٠١٣، ل٤١). (ویسلێر)یش بۆچونی وایە کولتور: ((هەموو چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بە بڵاوترین مانا وەکوو زمان، ژن و ژنخوازی، سیستەمی خاوەنداریەتی، ئەدەب و دابونەریت، پیشەسازی ، هونەر و هتد لە خۆدەگرێ))(ئاشوری، ٢٠١٣،ل٤١) بە واتایەکی دیکە کولتور هەموو بابەت و کردار و ئاکارە کولتورییەکان دەگرێتەوە ((کولتور ناوێکی گشتییە سەرجەم کردار و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییە بە دەستهێنراوەکان دەگرێتەوە لە ڕێی هێماکانەوە دەگوازرێتەوە، چونکە کولتور ناوێکە بۆ هەموو دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە لە زمان،زانست،یاسا،دەسەڵات، بەهاودابونەریتەکان،بیروباوەڕ،ئایین،کارە دەستیەکان بەکاردێت))(الخلیل٢٠١٦ل٧٩).

(ڕەفیق سابیر) لە بەرهەمەکەی خۆیدا بە ناوی(کولتور و ناسیۆنالیزم)دا دەڵێت: ((کولتور بەشێکە لە کەسایەتی و پێناسەیەک، کە کۆمەڵ بە گشتی و مرۆڤەکان بە تایبەتی خۆیان لە ئەوی دی پێ جیادەکەنەوە، کەواتە کولتور چەند هۆکاری خۆناسینە، دەشێت هێندەش هۆکاری خۆجیاکردنەوە بێت))(سابیر، ٢٠٠٣، ل٣٧) بەم جۆرە کولتور دەبێتە هۆیەکی سەرەکی بۆ ناسینی مرۆڤ و دیاریکردنی کۆمەڵگەکەی، هەروەها لە بواری کۆمەڵناسیشدا زاناکان بۆچوونیان وایە کولتور سیستەمی ڕۆشنبیری و دابونەریتەکان دەگرێتەوە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە دەگوازرێتەوە بە پێی تێپەڕبوونی کات گۆڕانی بە سەردا نایەت و خۆڕاگرە لە بەرامبەر گۆڕانکارییەکانی زەمەن و کاتدا.

بەشێوەیەکی گشتی کولتور لە هەموو بوارەکانی ژیاندا سەرجەم ئەو پاشماوانە دەگرێتەوە، لە نەوەی پێشوو وەکو میرات بەجێماوە بۆ نەوەکانی دوای خۆیان. کەواتە کولتور بریتییە لە سیستەمێکی ڕێکخراو پێکهاتووە لە جۆرەکانی ڕەفتاری ڕۆژانەی تاک و شێوازی ژیانی کۆمەڵگە و زمان و بیروباوەڕ و هونەر و یاسا و ڕەوشت و دابونەریت و سرووتەکان و بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها بەرهەمە مادییەکانی مرۆڤیش لە بەرهەمهێنان و پیشە و چالاکیە ئابوورییەکان و بیناسازی و جلوبەرگ و خۆراک و خشڵ و شوێنەوار و تەکنەلۆژیا و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئامێرەکانیش دەگرێتەوە، کە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر و لە شوێنێکەوە بۆشوێنێکی تر دەگوازرێتەوە.

### ١.٢.٣ بەشەکانی کولتور:

هەروەکو ئاماژەمان پێ کرد کولتور ڕەهەندێکی فراوانی هەیە و زۆر لایەن و کەلێن دەگرێتەوە، بۆئەوەی لە بابەتی سەرەکی دوور نەکەوینەوە، بۆیە تەنیا بە کورتی ئاماژە بە هەندێ لەو جۆر و بەشانە دەکەین کە(موحسین ئاوارە) لە بەرگی یەکەمی دیوانی(کارێزە مەرجان)دا دەقئاوێزانی ناو دەقی شیعرەکانی کردووە:

هەموو میللەتێک خاوەنی کۆمەڵێک دابونەریتی تایبەت بە خۆیەتی، کە بۆ نەوەکانی دوای خۆیان بە چاوێکی بەرز سەیردەکرێت، ئاوارەش لە دیوانەکەیدا سودی زۆری لە دابونەریتە کوردییەکان و نەریتی گەلەکانی دیکەی جیهانیش وەرگرتووە و دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی خۆی کردووە، لەوانە(کەلوپەلە کۆنەکان، ژن کوشتن لەسەر ناموس، پێکەوە ژیان، نوشتە، نەریتی گەلەکانی دیکە وەکو مۆمیاکردن و سووتاندنی مردوو..... هتد).

ئەفسانە بە یەکێک لە بەشە گرنگەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر دادەنرێت، چونکە ((سەرەتاییترین و کۆنترین داهێنانی مرۆڤ بووە))(مەلازادە،٢٠٢١،ل٥٣) شاعیر بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە توانیویەتی ئەفسانە خۆماڵی و جیهانییەکان دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی بکات، بۆ نموونە ئەفسانەکانی (زوحاک، ئەژدیها، گلگامێش، سیزیف، دۆڵپا ....هتد).

داستانیش جۆرێکی دیکەیە لە جۆرەکانی ئەدەبی فۆلکلۆر، ئاوارە چەندین جۆری داستانی خۆماڵی وەکو(قەڵای دمدم، شیرین و فەرهاد، خانزادی میری سۆران، مەم و زین) دەقئاوێزانی شیعرەکانی کردووە.

موحسین ئاوارە چەندین جۆری گۆرانی فۆلکلۆر و نوێی دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی کردووە لەوانە: (بووکە بە بارانێ، لایلایە لایلایە، ئەی رەقیب، بووکیان دەگواستەوە... هتد).

پەندی پێشینان جۆرێکی دیکەی ئەدەبی فۆلکلۆرە، کە نەوەکانی پێشوو توانیویانە بە کەمترین وشە زۆرترین مانا ببەخشن. شاعیرانیش بۆ زیاتر دەوڵەمەندکردنی دەقەکەی خۆیان پەندەکانیان دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی خۆیان کردووە. موحسین ئاوارەش لەمە بەدەرنەبووە توانیویەتی چەند پەندێکی پێشینان دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی خۆی بکات.

هەروەها شاعیر گەمە و گاڵتە، ئاماژەکردن و ناوهێنانی کەسایەتییەکان، چیرۆک و بەسەرهاتەکانی دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی خۆی کردووە.

## ٢. دەقئاوێزانکردنی بەشەکانی کولتور لە دیوانی (کارێزە مەرجان)ی موحسین ئاوارەدا

دیوانی (کارێزە مەرجان)ی شاعیر لە دوو بەرگ پێکهاتووە، ئێمە تەنیا بەرگی یەکەمی دیوانەکەمان وەکو کەرەستەی پراکتیکی توێژینەوەکە وەرگرتووە. بەرگی یەکەم لە (٤٩٥) لاپەرە پێکهاتووە ، کە (١٧٦) دەقی شیعری لەخۆدەگرێت. دیارترین ئەو بەشانەی کولتور کە موحسین ئاوارە دەقئاوێزانی ناو دەقی شیعرەکانی کردووە، بریتیین لە :

### ٢.١ دابونەریت:

دابونەریت بەشێکی گرنگی مانەوەی کولتورە لەناو هەموو میللەتێکدا و بەکارهێنانی لە لایەن شاعیرەکانمان بە گشتی و شاعیرانی هاوچەرخ بە تایبەتی بە رێژەیەکی بەرچاو بووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دەوڵەمەندی کۆمەڵگەی کوردی لە هەبوونی کۆمەڵێکی زۆر لە دابونەریتی جیاواز لە هەموو بوارەکانی(کۆمەڵایەتی،ڕۆشەنبیری،سیاسی، ئاینی، ...هتد)، جگە لەوەش هەندێک نەریتی کۆنمان هەبووە تاکو ئێستاش بەردەوامە.

موحسین ئاوارە لە شیعرەکانیدا توانیویەتی وەکو کەسێکی ڕەخنەگر کۆمەڵێک دابونەریتی کۆنی کوردی بخاتە بەر تیشکی ڕەخنەکانی و دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی بکات، بە تایبەت ئەو دابونەریتانەی کاریگەری نەرێنیان لەسەر کۆمەڵگە دروست کردووە، لەو ڕێگایەوە ویستوویەتی پەیامێک بە خوێنەرەکانی بگەیێنێت و بدات بە گوێیاندا کە ئەم نەریتانە خراپن و کاریگەری نەرێنی لەناو کۆمەڵگەدا دروست دەکەن، بۆیە پێوستە وازیان لێبهێنین و کۆمەڵگەیان لێپاکبکەینەوە، بۆ نموونە لە شیعری(خوێنڕۆی گوناە)دا باس لە کوشتنی ئافرەت دەکات لەسەر شەرەف، کە یەکێکە لە نەریتە خراپەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردی، بەداخەوە تاوەکو ئێستاش ئەو نەریتە بەردەوامی هەیە، بۆیە دەڵێت:

((تۆومەتی سۆزانی و داوێن تەڕی خرایە سەر
وەک ئەو گوڵە چاو کوێر و دڵڕەقەی نرایە سەر
لە گەواهی دۆسێی پزیشکی دا
پەڕەی گوڵی...
نەگەچراو و سپی و بێ گوناح بوو))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل١٧٤)

شاعیر لەم دەقەدا باس لە کچێک دەکات کە بە بێتاوانی لە لایەن کەسوکارییەوە بە تۆمەتی داوێنپیسی یان بە بیانووی شەڕەف کوژراوە، کەچی لە دواییدا دەردەکەوێت ئەم کچە پاکە و هیچ تاوانێکی نەکردووە. شاعیر زیرەکانە توانیویەتی ئەم نەریتە بەشێوەی ڕەخنەگرانە بخاتەڕوو.

موحسین ئاوارە لە شیعرێکی دیکەیدا بەناونیشانی(ڕوشاندنی ناخ)دا، یەکێکی دیکە لە نەریتە خراپەکانی کۆمەڵگەی

کۆنی کوردی باسکردووە، ئەویش بە زۆر بە شودانی کچی بچووک بووە بە پیاوانی تەمەن گەورە، ئەم نەریتەی وەکو ستەم و کارەساتێکی خراپ هێناوەتەوە بەرچاو، دەڵێت:

((پەنجەکانم دەنووشتاندەوە
بەشەرمەوە بە ووشەی(مامە) پێشوازیم لێ دەکرد
کەچی بەزەبری خەنجەری چاو بەخوێن
لە(مامە)یان مارە کردم))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٢٢٦)

شاعیر لێرەدا بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە توانیویەتی ئەو وێنە هونەرییەمان بێنێتە بەرچاو و نەریتێکی کۆنی خراپ دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی خۆی بکات، شاعیر لەم دەقە شیعریەدا ویستویەتی پەیامێک بە خوێنەرەکانی بگەیێنت، کە ئیتر بەسە بۆ ئەم نەریتە کۆنانە و پێویستە سنوورێک بۆ ئەو نەریتانە دابنرێت، بە تایبەت نەریتی بەزۆر بە شودانی کچی بچووک.
هەروەها لە شیعرێکی دیکەدا بە ناونیشانی (لەبەر دەرگای ئایندەدا) شاعیر دەڵێت:

((قەیرە کچێکی نێو پەنگری سەر مەنقەڵەی چاوەڕوانییە
لە پشت دەرزی پەردە و پەنجەرەی
وەک بەرۆچکەی کراوە و ئەو پرچەی لەسەر شانییە))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٢٣٦)

لەم شیعرەشدا شاعیر توانیویەتی بەشێوەیەکی سەرکەوتووانە پەردە لەسەر باسکردنی نەریتێکی دیکەی خراپی ناو کۆمەڵگەدا لابدات، ئەویش تەماشاکردنی کۆمەڵگەیە بە چاوێکی نزم بۆ چینێکی کۆمەڵگە ئەویش بریتییە لە قەیرەکچەکان، واتە ئەو کچانەی کە تەمەنیان گەورە بووە و هاوسەرگیریان نەکردووە.
هەروەها شاعیر لە شیعری(ژانی سەدەی بیستەمدا)بە شێوەیەکی ڕەخنەئامێز باس لە نەریتی چوونە سەر قەبر و باوەڕبوون بە قەبر دەکات، چۆن لەم سەردەمی جیهانگیریەدا خەڵک خەریکی ئەوەن دەچنە سەر مانگ بینای بەرز دروست دەکەن و هەزاران کەرەستەی نوێ و داهێنانی نوێ بنیاتدەنێن، کەچی ئێمە تازە بە تازە باوەڕمان بە قەبر و مەزارگە نوێ دەکەینەوە و دەچینە سەر قەبرەکان، هەروەکو دەڵێت:

((سەدە سەدەی ئەتۆم و مانگی دەستکردە
سەدە، سەدەی
تەکنیک و هەڵبڕینی دوا مۆدێرینی سەر بوردە)(ئاوارە، ٢٠١٤،ل٣٢٣)

لە کۆتایی ئەم شیعرەدا دەڵێت :

مرازگەیە پشتاوپشت بۆی بچینە ژوور
بۆ دواوەش بگەڕێینەوە
بە کلیلی زمانێکی تر ، قوفڵی دەمی منداڵانمان بکەینەوە؟))(ئاوارە، ٢٠١٤،ل٣٢٣)

نەورۆز نەریتێکیساڵانەی نەتەوەی کورد بووە، کوردەکان ئاگریان لە قەدپاڵ و لوتکەی چیاکان کردۆتەوە و چونەتە

دەشت و دۆڵەکان و سەیران و دڵخۆشی خۆیان دەربڕیوە، موحسین ئاوارە سوودی زۆری لە بۆنەی نەورۆز وەرگرتوە لە چەندین شوێندا دەقئاوێزانی شیعرەکانی خۆی کردووە، بۆ نموونە لە شیعری(گرەو لە نەورۆزدا)دەڵێت:

((وتی: ئەمڕۆکە نەورۆزە
ڕوو دەکەینە پێشدەشتی داوێن نسێ و
پاڵ ئەنیشکی ئەو کەژانە))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٧٩)

هەروەها شاعیر لە دەقی شیعریەکانی(لە ئێوارەی نەورۆزدا، ڕێژنەی وشەدا،...هتد) بۆنەی نەورۆزی دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی کردووە.

موحسین ئاوارە لە شیعری(سەوداسەری جەنگەکاندا) دا نەریتێکی دیکەی کۆمەڵگەی کوردی دەقئاوێزانی شیعرەکانی کردووە، ئەویش کەلتووی یان نەریتی(بەیەکەوە ژیانە)، هەروەکو دەڵێت:

((جەنگ ...جەنگ
کە شارەکەم نغرۆ بوو جەناب
بە باخ و زیندان و قەفەزەوە
بەگوڕ و قەڵاو مزگەوتەوە
بە ساختمان و قوتابخانە و کڵێسەوە))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٢٧٧)

شاعیر لەم دەقەدا یەکێک لە نەریتە کۆنەکانی کۆمەڵگەی کوردی دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی خۆی کردووە، ئەویش بریتییە لە کولتوری بەیەکەوە ژیانی نێوان ئایینەکانی کوردستان بووە، کولتوری بەیەکەوە ژیان هەر لە دێر زەمانەوە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا باو بووە و هەموو ئایینەکان بە ئازادی پەرستشەکانی خۆیان ئەنجامداوە، هەموویان وەکو برا ژیاون لە خۆشی و ناخۆشییەکانی یەکتردا بەشدارییان کردووە، تاکو ئێستاش ئەم نەریتە لەناو کۆمەڵگەی کوردیدا بەردەوامی هەیە. شاعیر لەم دەقە شیعرەدا باس لە شاڵاوی کاولکاری و هێرشی ڕژێم دەکات بۆ سەر کۆمەڵگەی کوردی کە هیچ جیاوازی نەکردووە لە نێوان باخ و زیندان و قەفەس و قەڵا و مزگەوتەوە و کڵێسە و قوتابخانەوە، واتە لە کاتی هێرشەکاندا هیچ جیاوازییەکیان لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی نەکردووە، چونکە هەموویان لەگەڵ یەکتر هاوبەش و هاوخەم بوینە.

کەلوپەل و شتومەکە کۆنەکانیش بە یەکێک لە بەشە ماددییە گرنگەکانی دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردی دادەنرێت، نەتەوەی کورد لەم ڕووەوە زۆر دەوڵەمەند بووە، ژمارەیەکی زۆر لە ئامێر و شتومەک و کەلوپەلی کۆنی هەبووە، موحسین ئاوارە دەستێکی باڵای هەبووە لە دەقئاوێزانکردنی کەلوپەلە کۆنەکان لە ناو دەقی شیعرەکانیدا، بۆ نموونە لە شیعری(ژەنگ ناگرم)دا کەلوپەلەکانی وەکو(پشدێن ، هەسان)ی دەقئاوێزانی شیعرەکانی خۆیدا کردووە، هەروەکو دەڵێت:

((لێم تێپەڕە ، هەڵم مەگرە
نامەوێ بچمە ژێر پشتدێنی نەناسێ))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل١٢)

یاخود هەر لە هەمان دەقدا دەڵێت:

(( ئەی خەمی زستان و تەڕ شێ ؟
هەسانی خۆم بە شانەوەیە و ژەنگ ناگرم )) (ئاوارە، ٢٠١٤، ل١٢)

پڕدێن تایبەتە بە نەتەوەی کورد و مۆرکی نەتەوەی کوردی پێوەیە، هەسانیش ئەو کەرەستەیە کە لە بەرد دروستکراوە چەقۆ و خەنجەری پێ تیژ دەکرێت و دەسووێت. شاعیر لەم دەقەدا باس لە خۆشەویستەکەی دەکات، نایەوێت بچێتە ژێر پشدێنی هیچ کەسێک، هەروەها دەڵێت هەسانی خۆم بەشانەوەیە، واتە خۆشەویستی خۆم هەیە و بۆیە هیچ کات ژەنگ ناگرم، موحسین ئاوارە لەم دەقە شیعریەدا بە شێوەیەکی جیاواز کەلوپەلی کۆنی کوردی دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی خۆی کردووە بە واتایەکی جیاواز بەکاریهێناوە و زیرەکانە وێنەی شیعرییەکەی پێ سەرنجراکێشتر کردووە.

هەروەها ئاوارە لە شیعرێکی دیکەدا بە ناونیشانی (نا بۆ ترازان)دا کەرەستەیەکی دیکەی کۆنی دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی خۆی کردووە، هەروەکو دەڵێت:

((گەر کەڵەشێر لە شەو و چەقۆ لە بترسایە
بانگی نەئەدا و نەدەبووە(دەرکوتی) دەرگەی
بەرەبەیانی ئێوە))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل١٥٦)

لێرەدا شاعیر وشەی (دەرکوت)ی دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی خۆی کردووە، دەرکوت یان دەرگا کوت ئەو چەکوشە بچووکەیە لە کۆندا بە دەرگاکانیان هەڵیانواسیوە و لە جیاتی زەنگ و ئاگادارکردنەوە بەکاریانهێناوە، شاعیر توانیویەتی سوود لەم کەرەستە کۆنە وەربگرێت و دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی خۆی بکات و وێنە هونەرییەکەی خۆی پێ فراوان بکات.

شاعیر لە شیعرێکی دیکەیدا بەناونیشانی(بمگەڕێننەوە)دا بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە توانیویەتی سوود لە دەقئاوێزانکردنی کەرەستەیەکی دیکەی کۆن وەربگرێت و دەڵێت:

((بۆ بنیاتنانەوە و ئاوەدانی
قەرزی کۆنم لێ بسێننەوە
بە پێچەوانەی گەری دەستاڕ
بێمەوە ژێر بار!))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٢٣٥)

شیعرەکە بە شێوەیەکی گشتی باس لە پرۆسەی ئەنفال و وێرانکردنی کوردستان دەکات، شاعیر توانیویەتی لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامێری شۆفەڵ پەیامەکانی خۆی بە خوێنەر گەیاندووە، لە کۆتاییدا دیارە شۆفەڵەکە پەشیمانە و دەیەوێت بێتەوە بۆ کوردستان ئەو شتانەی وێرانی کردووە چاکی بکاتەوە، شاعیر ئەم وێنەیە چواندووە بە پێچەوانەی گەڕی دەستار، شاعیر لەم شیعرەدا وشەی(دەستاڕ)ی دەقئاوێزانی شیعرەکانی کردووە، وەکو یەکێک لە کەرەستە کۆنەکان، بە هۆی ئەم کەرەستەوە توانیویەتی وێنە هونەرییەکەی خۆی پێ دروست بکات.

موحسین ئاوارە وەکو شاعیرێکی بەئاگا و وشیار لە ئەدەبی هاوچەرخەی کوردیدا دەستێکی باڵای هەبووە لە بەکارهێنانی دابونەریتی میللەتانی دیکە، واتە هەر بە تەنها لە بەکارهێنانی دابونەریتی خۆماڵی نەوەستاوە، بەڵکو کۆمەڵێک دابونەریتی میللەتانی دیکەشی دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی کردووە و وێنەی جۆراوجۆری هونەری لێ دروستکردووە، بۆ نموونە لە شیعرێکدا بە ناونیشانی(سۆریە و دەکان) دا دەڵێت:

((لە گەشتەکەی ئەو دواییەما لە کوردستان
لە منداڵ و ژن و پیاوانی سۆریە و دەکان
بیستم وتیان
لە وڵاتی هیندستان
هەر ئادەمیزادێ کە مرد
دەست و برد
لە ئەڵقەی گەمارۆی ئەدەن
کە دەیهێنن
وەک زیندووەکانی ئێمە دەیسووتێنن))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٢٤٠)

سووتاندنی مردوو بەشێکە لە نەریتی کۆنی هیندییەکان، شاعیر بەهۆی ئەم نەریتەوە وێنەیەکی جوانی شیعری مەزراندووە، شاعیر دەڵێت کاتێک هیندییەکان مردوویەکیان لێ دەمرێت دەیسوتێنن، بەڵام ئێمە بە زیندوویی دەیسوتێنین، واتە شاعیر بە سودوەرگرتن لە نەریتی هیندییەکان و دەقئاوێزانکردنی، بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ ئێش و ئازارەکانی نەتەوەی کوردی دەربڕیوە.

لە شیعرێکی دیکەدا بە ناونیشانی(ڕەوتی شاعیر و وێنەی جۆراوجۆر)دا شاعیر دەڵێت:

((بیستومە سەردانم دەکەی؟
چۆن بەخێرهاتنت بکەم ؟
نازانم چیت پێشکەش بکەم ؟
مەگەر گیانە
بەرخێکی مۆمیاکراوی پڕ لە شیعرم
پەلکێش کەم))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٢٨)

شاعیر لەم شیعرەدا یەکێک لە نەریتی میسرییە کۆنەکانی دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی کردووە، ئەویش بریتییە لە مۆمیاکردن، شاعیر لێرەدا بە شێوەیەکی جیاواز هەوڵیداوە ئەم نەریتە کۆنەی میسرییەکان دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی خۆی بکات، شاعیر لەبەر زۆری خۆشەویستی یارەکەی یاخود لەبەر زۆری سەردانیکردنی یارەکەی، بۆیە نازانێت چۆن بەخێرهاتنی بکات، لە کۆتاییدا بڕیاردەدات کە بەرخێکی مۆمیاکراوی پڕ لە شیعری پێشکەش بکات. شاعیر بە سوود وەرگرتن لەم نەریتە وێنەیەکی جوانی شیعریی ئەفراندووە.

### ٢.٢ ئەفسانە:

تەوزیفکردنی ئەفسانە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شیعری کوردی لای بەشێکی زۆری شاعیرەکانمان بەرچاودەکەوێت، بەکارهێنانی ئەفسانە وەک بەشێکی گرنگی کولتور لەناو شیعری شاعیرانی هاوچەرخدا ڕەنگیداوەتەوە، شاعیرانمان بە گشتی سوودیان لە ئەفسانەی خۆماڵی و جیهانییەکان وەرگرتووە، موحسین ئاوارەش وەک یەکێک لە شاعیرە دیارەکان توانیویەتی سوود لە ئەفسانەی خۆماڵی و جیهانی وەربگرێت، بۆ نموونە لە شیعری(لە ئێوارەی نەورۆز)دا، دەڵێت:

((ئەم شەو
کاوە ئەسپ سوارە لەم ئاقارە
دەستی لەگەڵ هەتاوا تێکەڵ کردووە
کاوە سەرمەستە و دڵدارە
خۆی سازداوە بۆ شەوارە
جێژوانگەی کۆشکی زوحاکی زۆردارە))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل١٣٤)

شاعیر لەم دەقەدا زۆر بە سەرکەوتووانە ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەری دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی خۆی کردووە، شاعیر کاوەی وەکو ڕەمزی مەردایەتی و بوێری و چاونەترسی ناساندووە، بەرامبەر بە زوحاک کە دوژمنی میللەتەکەی بووە بەکاریهێناوە، بۆچوونی وایە هەرچەندە ناحەزان خاوەنی شوورەی بەردین و قەڵای پۆڵاین و کۆشکی سەخت و ..هتد بن، ئەوا ڕۆژێک دادێت هەرەس بێهێنت و تێکبشکێن، کاوە و میللەتەکەی سەر بکەون.
هەروەها لە دەقێکی دیکەدا بەناونیشانی(چەکوش و ئاڵای نەورۆز)دا موحسین ئاوارە سەرکەوتووانە توانیویەتی ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر و زوحاک دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی خۆی بکات و وێنە شیعرییەکەی فراوان بکات، شاعیر ستەم و زۆرداریەکانی ڕژێمی پێشووی چواندووە بە زوحاک و میللەتەکەشی بە کاوە چواندووە، واتە شاعیر بە شێوەیەکی ڕەمزئامێز توانیویەتی پەیامەکانی خۆی دەرببڕێت، شاعیر بۆچوونی وایە کە رۆژێک دێت، چۆن کاوە بە چەکوشەکەی سەری زوحاکی پانکردۆتەوە و خۆی لێ رزگارکردووە، ئەوا نەتەوەی کوردیش رزگاری دەبێت لە دەست ئەم هەموو زوڵم و زۆردارییەی کە ڕژێمی پێشوو لە بەرامبەر نەتەوەی کوردی ئەنجامیان داوە، هەر وەکو دەڵێت:

((بەرلەوەی کاوەی ئاسنگەر
چەکوشی ڕەق بوەشێنێ
ئاڵای نەورۆز بشکێنێ
زوحاک ڕوو چوو
چۆکی دا و هەرەسی هێنا کەوتە سەر دەست و پێ
پاڕایەوە))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل١٣٨)

شاعیر لە شیعرێکی دیکەیدا بەناونیشانی(سەربردەی فینجانە(قاوە)یی) دا دەڵێت:

((لە هۆبە و ڕەشماڵان
لە دیوان و ماڵان
بۆ ماخۆ و میوانان
گێڕدرام .. فڕکرام .. قاوە بووم
بەڵام لەو ڕۆژەوەی لەناو فینجانێ بووم
زوحاک خستمیە سەرلێوانی
خۆم هەڵدا و خۆم ڕژاند.. کاوە بوو))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل١٥٣)

شاعیر لەم دەقەشدا توانیویەتی زوحاک و کاوە دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی بکات، کاوە بۆتە ڕەمزی چاونەترسی و

بوێری و یاخیبوون بەرامبەر بە زوحاک بۆ نموونە لەم دەقەدا باسی قاوە دەکات چۆن لە بازاڕدا کڕدرایە و لە تاوە بڕژایە و لە ناو هاوندا کوترایە .... هتد، بەڵام کاتێک زوحاک دەیەوێت بیخاتە سەر لێوانی و بیخواتەوە، خۆی هەڵدەدات و خۆی دەڕژێنێت، لێرەدا قاوەکەی بە کاوە چواندووە کە بە هەموو شێوەیەک دژی ستەمکاران و زۆرداران وەستاوەتەوە.

ئەژدیها بەهۆی ئەو تایبەتمەندییانەی هەیەتی ڕۆڵی بەرچاوی گێراوە لەناو ئەفسانەکاندا، شاعیر لە شیعری(سەودا سەری جەنگەکان)دا، دەڵێت:

((پۆستەڵێکی ئەبەنووسی وەک ئەژدیهایەکی چاو زەق

تفەنگێکی سوارکراو ، وەک دڵی ڕاڕا و هەناسەی تەنگ

تفەنگەکان مودمنن خەویان لێناکەوێ))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٢٧٥)

لەم دەقی شیعرەدا شاعیر سوپای عێراقی و ئەفسەرانی ڕژێمی پێشووی بە ئەژدیها چواندووە، بۆچوونی وایە ئەوان وەکو ئەژدیها چاوزەق و ترسناکن و هیچ سۆز و بەزەیەکیان لە دڵدا نییە بەرامبەر بە نەتەوەی کورد، لێرەدا شاعیر زۆر سەرکەوتووانە سوودی لە کەسایەتییەکی ناو ئەفسانەکان وەرگرتووە دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی خۆی کردووە، بە واتایەکی جیاواز بەکاریهێناوە.

موحسین ئاوارە جگە لە ئەفسانە خۆماڵییەکان توانیویەتی ئەفسانەی جیهانییش دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی بکات، بۆ نموونە لە شیعرێکدا بەناونیشانی(کۆترە شینکەی سەر گومەزی چاوەکانم)دا، دەڵێت:

((ئەترسم تا بەیانی سەرکەوین و شۆڕ بینەوە

بە ئارەقەی(سیزیڤ) بنووسرێین و

کەروێشکێکی سەراب بخوێنینەوە

بەیانیش دەمکەیتە جگەرێ

گزنگی ئاسۆ دامدەگیرسێنێ))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٩٥)

ئەفسانەی(سیزیف) یەکێکە لە ئەفسانە جیهانییەکان موحسین ئاوارە لەم دەقەدا دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی کردووە، ئەم ئەفسانەیە یەکێکە لە ئەفسانە یۆنانییەکان(کە بە ئەفسانەی ئازاری مرۆڤایەتی ناوزەنددەکرێت، چونکە خواوەندەکان سیزیف کە پاڵەوانی ئەم ئەفسانەیە سزا دەدەن، بە هەڵگرتنی بەردێکی گەورە بردنی بۆ سەر لوتکەی چیایەک، بەڵام کە لە لوتکەی چیایەکە نزیک دەبێتەوە بەردەکە بەردەبێتەوە و غلۆر دەبێتەوە بۆ خوار چیایەکە، ئەم پرۆسەیە چەندین جار بەردەوام دەبێت، تا وای لێدێت دەبێت بە قەدەر و چارەنووسی پاڵەوانەکە)(حەوێز، ٢٠٢٢،ل٢٠٤) لێرەدا شاعیر شەیدای یارەکەی خۆیەتی و بە دڵی خۆی وێنا کردووە ولێی بزر بووە، بۆیە زۆر بە دوایدا دەگەڕێت بە سەر شوێنی بەرز سەردەکەوێت و دێتە خوارەوە، شاعیر بە شێوەیەکی زیرەکانە توانیویەتی سوود لە ئەفسانەی سیزیف وەربگرێت و دەقئاوێزانی ناودەقی شیعرەکانی خۆی بکات.

هەروەها ئاوارە لە شیعری(تێکەڵبوون)دا دەڵێت:

((ئەنکیدۆ بوو گلگامێشی وەئاگا هێنا

گلگامێش کوڕی ئەمڕۆ بوو ، بەڵام بۆ سبەی ژیا

حازری بە قەرزدا

نەیزانی گیای نەمری گیای بەهادار

سامانێکی مەزنە)) (ئاوارە، ٢٠١٤،ل٢٨٤)

شاعیر لێرەدا سوودی لە ئەفسانەی گلگامێش وەرگرتووە کە یەکێکی دیکەیە لە ئەفسانە جیهانییەکان، ئەم ئەفسانەیە لە بنچینەدا دەگەڕێتەوە بۆ سۆمەرییە کۆنەکان کە بە ئەفسانەی نەمریش ناسراوە، گلگامیش دوای مردنی ئەنکیدۆی هاوڕێی بە دوای گیایەک دەگەڕا بۆ ئەوەی بە نەمری بمێنێەوە، شاعیر توانیویەتی ئەم ئەفسانەیە دەقئاوێزانی ناوشیعرەکانی خۆی بکات و بە شێوەیەکی جیاواز وێنە هونەریەکەی پێ تەواو بکات.

هەروەها موحسین ئاوارە لە شیعرێکی دیکەدا بەناونیشانی(خەنەبەندانی خاک)دا، دەڵێت:

((پیری تەمەن بە قەد سەد و یەک قل تەسبیحی دەستی

قەڵنەکەی داگیرساند

(دۆڵپا)کانیش ئاوساوتر بوون

ئیدی بە دەرگەی ئەشکەوتەکانیان وەناچن بێنە دەر

ئادەی فووی لێ بکە فووی لێ کە

لە سەر زامی شمشاڵەکەت پەنجەکانت ببزوێنە))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٢٩٢)

دۆڵپا دێوێکی ناو ئەفسانەکانە و سواری ملی خەڵک دەبێ، شاعیر لەم دەقە شیعرەدا(دۆڵپا)ی وەکو ڕەمزێکی ئەفسانەیی بەکارهێناوە و دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی کردووە.

کەواتە لێرەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کە شاعیر نەک هەر ئەفسانەی خۆماڵی بەڵکو سوودی لە ئەفسانەی جیهانییش وەرگرتووە، تەوزیفی ناو شیعرەکانی خۆی کردووە.

### ٢.٣ داستان:

داستان بە بەشێکی گرنگ و دانەبڕاو لە کولتوری میللەتان دادەنرێت، داستان ((بەرهەمێکی چیرۆکئامێزە، باری ژیان و بوونی گەل و پێوەندی کۆمەڵایەتی و نەخشەی بەرەوپێش چوونی مێژووی دەردەخا))( ڕەسول،٢٠١٠،ل٣١ ) بەکارهێنانی داستان لەناو ئەدەبی هەر میللەتێکدا زیندوویەتی ئەو ئەدەبە و بەیەکەوە بەستنی کولتور لەگەڵ شیعری ئەم میللەتە دەردەخات، بەکارهێنانی داستان لە شیعری شاعیرە هاوچەرخەکاندا بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕەنگیدایەتەوە، بەتایبەتی لە لای موحسین ئاوارە کۆمەڵێک داستانی خۆماڵی دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی کردووە، بۆ نموونە داستانی مەم و زین یەکێکە لەو داستانانەی شاعیران بە ڕێژەیەکی بەرچاو دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانیان کردووە، موحسین ئاوارەش بەدەر نەبووە لەم دەقئاوێزانکردنە و لە چەندین دەقی شیعری خۆیدا بەکاریهێناوە، هەروەکو لە شیعرێکیدا بەناونیشانی( باخی عیشق و میوەی خۆشەویستی)دا دەڵێت:

((مەمی ئەستێرە و زینی کانیاو لە دڵداری خۆیان ناکەون

(مەم و زین)یان بە گۆڕ سپارد

کێوەکان سەریان لە تەم گرت

فانۆسەکان

وەکو تروسکەی ئاگری مەکۆی دزان

زەردە هەڵگران))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٩٠)

شاعیر بە سود وەرگرتن لەم داستانە و تەوزیفکردنی لە ناو شیعرەکانیدا توانیویەتی وێنەیەکی جوانی شیعری بخولقێنێت، ژیان و ناخۆشیەکانی کۆمەڵگەی کوردی لە سەردەمی رژێمدا بخاتەڕوو. ئاوارە لە چەندین دەقی شیعری دیکەی وەکو(بۆ پشکنین، گەورمەی ئاشتی ڕامیار،...... هتد) سودی لەم داستانە وەرگرتووە و دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی کردووە.

موحسین ئاوارە لە شیعرێکی دیکەدا بەناونیشانی(ڕەوتی شاعیر و وێنەی جۆراوجۆر)دا دەڵێت:

(( قەڵاکەی(دمدم)م بینی

(خانزاد)ی سەر خەستم بینی

وەکو دوو منداڵی ساوا

دەستی یەکتریان دەگرت

بۆ بەخشندەیی هەتاوا

سروودی(ئەی ڕەقیب)یان دەووت!!))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٣٠)

شاعیر لەم دەقەدا بە تێکەڵکردنی هەردوو داستانی(قەڵای دمدم، خانزادی میری سۆران) توانیویەتی هەستی نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی خۆی دەربرێت، هەردوو داستانەکە رەمزی ئازایەتی و دلێری نەتەوەی کورد نیشان دەدەن.

هەروەها لە شیعرێکی دیکەدا بەناونیشانی(گۆرانی فەرهادێکی بەندکراو)دا دەڵێت:

((خۆزگەم بۆ ئەو بێستوونە

هەر دەیشکێنم و دەیبڕمەوە

شیرینەکەم لێ دەرکەوێ))(ئاوارە،٢٠١٤، ل٥٣)

شاعیر لە ڕێگای هەڵمژین و دەقئاوێزانکردنی یەکێکی دیکە لە داستانە کوردییەکان ئەویش بریتییە لە داستانی شیرین و فەرهاد، توانیویەتی بە شێوەیەکی زیرەکانە سوود لەم داستانە وەربگرێت بۆ فراوانکردن و دەوڵەمەندکردنی وێنە هونەریەکە بەکاریبهێنێت، دەقە شیعریەکە بە شێوەیەکی گشتی باس لە لاوێک دەکات لە زیندانەکانی ڕژێمدا تووشی ئەشکەنجە و ئازار بووە و ئازاری جەستەیی و دەروونی زۆر دراوە، بەڵام لە کۆتاییدا بە سود وەرگرتن و ئیلهام وەرگرتن لەم داستانە دەڵێت هەر دەیشکێنم و دەیبڕمەوە، واتە دەبێت ڕۆژێک بێت لەم زیندانە ڕزگارم ببێت و سەربەخۆیی و ئازادی بەدەست بهێنم، کەواتە شاعیر بە تێکەڵکردنی دوو وێنەی شیعری(داستانی شیرین و فەرهاد، گەنجێک لە زیندان) ئازارەکانی نەتەوەی کوردی بۆ خوێنەر گەیاندووە، دەیەوێت پێمان بڵێت نەتەوەی کورد ئێش و ئازاری زۆری بینوە، بەڵام هەموو کات لە هەوڵداندا بووە بۆ رزگاربون و سەربەخۆی، وەکو فەرهاد کە قەت کۆڵی نەداوە و بەردەوام بووە بۆ کونکردنی کێوی بێستون و گەیشتن بە مرازەکەی. هەروەها شاعیر بۆ مەزراندنی ناونیشانی ئەو دەقە شیعرەش سوودی لەم داستانە وەرگرتووە.

### ٢.٤ گەمە و گاڵتە فۆلكلۆریەكان:

یەكێكی دیكە لەو جۆرانەی كە دەچێتە ناو بازنەی كولتورەوە بریتییە لە گەمە و گاڵتە فۆلكلۆریەكان، لەوانە( چاوشاركێ، غارغارانێ، كەلابەردانێ، بەردەقانێ كردن.... هتد)، شاعیر كۆمەڵێك گەمەی كۆنی دەقئاوێزانی ناو شیعرەكانی كردووە، توانیویەتی بە شێوەیەكی زیرەكانە سوودیان لێوەربگرێت و وێنەی هونەری جیاوازیان لێ دروست بكات. بۆ نموونە شاعیر لە شیعری( ڕێژنەی وشە)دا دەڵێت:

((كە مناڵ بووم
لە چاو شاركێ و غار غارێن دا
پاش دەنگدانی
كوڕینە كچینە خۆتان حەشار دەن
گرێبەستی سەرچاوە كرایەوە زووكەن))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٩٧)

لەم دەقەدا شاعیر یاریەكانی(چاوشاركێ و غارغارانێ)ی دەقئاوێزانی ناو شیعرەكانی كردووە، چاوشاركێ و غارغارانی دوو یاری كۆنن لە كۆمەڵگەی كوردیدا باو بووە، منداڵەكان بۆ بەسەربردنی كاتی خۆیان ئەنجامیان داوە. شاعیر بە هۆی دەقئاوێزانكردنی ئەم یارییە فۆلكلۆریانە توانیویەتی بە شێوەیەكی سەركەوتووانە دوو وێنەی هونەریمان بۆ بخاتە بەرچاو، وێنەیەكیان هی سەردەمی منداڵییە كاتێ منداڵان لە گەڕەكەكانی خۆیاندا خەریكی ئەم یارییانە بوون، وێنەیەكی دیكە هی كاتێكە كە تەمەنیان گەورە بووە، هەر لە شوێنی یاریی سەردەمی منداڵیدا خۆشەویستی كردووە، ژوانی لەگەڵ یارەكەی داناوە و دەردەدڵیان بۆ یەكتر كردووە.
هەروەها لە شیعری(بەشێكی تر لە نۆستالۆژیای)دا یاریەكانی (دارلاستیك و بەردەقانی) كە دوو یاری سەردەمی منداڵی شاعیرن دەقئاوێزانی شیعرەكانی كردووە، هەر وەكو دەڵێت:

((منداڵێكی نەفام و لاسار بووم
زەرنەقووتەم لەنێو قەدی دارو
بن ساپیتە دەرهێناوە
باڵندەم لەسەر هێلكە هەلفڕێندووە
بەوەندەش نەوەستاوم
هێلكەكەییم شكاندووە
بە دار لاستیك و بەردەقانی
نەك باڵندە لە مرۆڤیشم گرتووە))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٤٥٤–٤٥٥).

هەر لە هەمان لە شیعردا یاریەكی دیكەشی دەقئاوێزانی شیعرەكانی كردووە ، دەڵێت:

((بەردی ناگۆشەییم داوەتە بەر
مەورود و ئاسن
كردوومە بە كەلابەرد
لە كەلابەردێكی ترم داوە))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٤٥٥)

کەلابەردانی یەکێکی دیکە بووە لەو یارییانەی کە لە کۆندا منداڵان ئەنجامیانداوە، منداڵەکان کەلاکانیان لە بەرد دروست دەکرد و یارییان پێ ئەنجامدەدا. ئاوارە لە سەردەمی منداڵی خۆیدا ئەم یاریەی ئەنجامداوە، شاعیر لە رێگای دەقئاوێزانکردنی ئەم یاریەوە باس لە نەهامەتیەکی دیکەی نەتەوەی کورد دەکات کە بریتی بووە لە هەژاری و خراپی باری دارایی میللەتەکەی.

هەروەها لە شیعری(ڕەوتی شاعیر و وێنەی جۆراوجۆردا)دەڵێت:

((پرسیم هەواڵ
وتیان دەمێکە شکاون
وتم: ئێوە بەردەقانی منداڵەکان بشارنەوە)) (ئاوارە، ٢٠١٤، ل٣١)

لەم شیعرەشدا شاعیر یاری بەردەقانی دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی کردووە، بەردەقانیکردن یەکێک بووە لە یارییەکان کە منداڵەکان لە گەڕەکەکانی خۆیان ئەنجامداوە، بەڵام لەم دەقەدا شاعیر توانیویەتی زیرەکانە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و بە واتایەکی جیاواز تەوزیفی ناو شیعرەکانی بکات، بەهۆی دەقئاوێزانکردنی ئەم یارییە ستەمکارییەکانی دوژمنانی نەتەوەی کوردی باسکردووە.

٢.٥ دەقئاوێزانکردنی چیرۆک و بەسەرهاتەکان:

چیرۆک و بەسەرهاتەکان یەکێکی دیکەیە لە بەشەکانی کولتور و ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەبووە لە شیعرەکانی ئاوارەدا، شاعیر بە هۆی ئەو ڕۆشنبیرییە فراوانەی هەیبووە، کۆمەڵێک چیرۆک و بەسەرهاتی کۆنی دەقئاوێزانی ناوشیعرەکانی کردووە، لەوانە چیرۆکەکانی: (یوسف و زولخا، ئادەم و حەوا، ئەیوب پێغەمبەر، ئاڕووت و ماڕووت ...هتد).

شاعیر لە دەقێکی شیعری خۆیدا بە ناونیشانی(مەلای جزیری و سەلمای زێڕین)دا دەڵێت:

((ناو یادی سەلما
وەک کراسەکەی یوسف ئاسا
بۆ چاو هەڵێنان و ڕۆشنایی
بە سەر ڕۆحی تێنووت دادێ بە ئەسپایی))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل١٠٧)

شاعیر لەم دەقەدا لەرێگەی ناوهێنان و ئاماژەدان بە کراسەکەی یوسف پێغەمبەر یەکێکە لە چیرۆکە کۆنەکانی دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی کردووە، بە شێوەیەکی نایاب توانیویەتی وێنە هونەرییەکەی پێ سەرنجڕاکێشتر بکات، خۆشەویستەکەی مەلای جزیری ناوی سەلما بووە چواندووە بە کراسەکەی پێغەمبەر یوسف، چونکە شاعیر بڕوای وایە کە ناوهێنان و بیرکردنەوە لە سەلما یەکسانە بە کراسەکەی یوسف پێغەمبەر و دەبێتە هۆی ڕووناکی چاوەکانی و تینوێتی ڕۆحی خۆی پێ شکاندووە. یان لە ڕێگەی لێکچواندنەوە یادکردنەوە لە (سەلما)یارەکەی مەلایی جزیری لە بەرامبەر کراسەکەی پێغەمبەر یوسف دادەنێت، کە ڕۆشنایی بۆ چاوەکانی دەگێڕێتەوە.

شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا بە ناونیشانی(شەوارەدا) دەڵێت:

((بارەگیشەی ئازاری تۆ لە ئارامی ئەیووب من گرانترە
بۆیە من بە پشتی چەماوەی دەروونم
شیعرت بۆ دەهۆنمەوە
لە کانیاوی چاوی تۆدا
وێنەی خۆم دۆزمەوە...!))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٢٢)

لەم دەقە شیعرەشدا شاعیر یەکێکی دیکە لەو چیرۆکە کۆنانەی قورئانی پیرۆزدا دەقئاویزانی ناو شیعرەکانی کردووە، ئەویش بریتییە لە چیرۆکی ئەیوب پێغەمبەر، شاعیر لە دەقەکەدا باسی ئازاری دووری لە یارەکەی دەکات کە لە ئازاری ئەیوب پێغەمبەر گرانتر بووە.

٢.٦ پەندی پێشینان:

پەندی پێشینان یەکێکە لە بەشە گرنگەکانی فۆلکلۆر کە ڕەنگدانەوە و کاریگەری زۆری لە ناو کولتوردا هەبووە. پەندی پێشینان((ڕستە و وتەیەکی کورتە، مانایەکی فراوان و قووڵی تێدایە))(ڕەسول،٢٠١٠،ل٨٧). هەروەها مەرج نییە هەموو کات دەقئاویزانکردنی پەندەکان ڕاستەوخۆ و کتومت وەکو خۆیان ئەنجامبدرێن، بەڵکو زۆر جار شاعیرەکانمان لە ڕێگای وەرگرتن و هەڵمژینی ناوەڕۆک و بیرۆکەی پەندەکانەوە، پەندەکانیان لە شیعرەکانی خۆیاندا بەکارهێناوە. بۆ نموونە لە شیعری (شامینۆکدا) شاعیر سوودی لە یەکێک لە پەندەکان وەرگرتووە، هەر وەکو دەڵێت:

((من شەرم دەکەم بە نوێژی نیوەڕۆ
بەبەرچاوی ناسیاو و
کۆنە حیزبییە خەباتکەرە هاوڕێکانم
بە بەرچاوی (پ. م)ە هاوسەنگەرەکانم
(پاقڵە)ی کوڵیو بفرۆشم))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٢١٥)

شاعیر لەم شیعرەدا باس لە خەبات و تێکۆشانی ئەو کەسانە دەکات، لە ڕابردوودا لە شاخدا ئەرک و ماندووبوون و زەحمەتی زۆریان کێشاوە، بەڵام ئێستا کەسانێکی دیکە بەرهەمەکەی دەخۆن، هەموو شتەکانیان بۆ خۆیان بردووە و ئەوانیشیان بێ خزمەت هێشتۆتەوە، ئەمەش ڕاستەوخۆ دەقئاویزانکردنی ئەو پەندە کوردییە کە دەڵێت: ((کێ کردی، کێ بردی))(خاڵ، ١٩٦٩، ل ٣٢٣). واتە شاعیر لە ڕێگای دەقئاویزانکردن و وەرگرتنی بیرۆکەی ئەم پەندە کوردییە وێنەی شیعرییەکەی پێ مەزراندووە.

هەروەها لە شیعرێکی دیکەدا بەشێوەی ڕاستەوخۆ ئەم پەندەی دەقئاویزانی شیعرەکانی کردووە، هەروەکو دەڵێت:

((کردم کردم....... بردم بردم
هی خۆم بۆ خۆم....... هی تۆش دەخۆم))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٢٧٤)

لەم دەقەشدا ڕاستەوخۆ سودی لە پەندی پێشینان وەرگرتووە ئەم پەندەی ((هی خۆم بۆ خۆم، هی تۆش دەخۆم))(خاڵ، ١٩٦٩،ل٤٤٨) دەقئاویزانی دەقەکەی کردووە، شاعیر بەشێوەیەکی ڕەمز باسی ڕژێمی پێشوو دەکات کە چەندە زۆردار و ستەمکار بووە، مافی ژیان و سەربەخۆی بۆ خۆی ویستووە، بەڵام ئەو مافەی لە نەتەوەی کورد قەدەغە کردووە.

شاعیر لە دەقێکی دیکەدا بە ناونیشانی ( جگەرەیەکی گەورە)دا دەڵێت:

((پادشای سەرشێت لە سەر تارمەی کۆشکی تاوان
بە چاوی لێڵەوە لاتەراز وەستا بوو
لە نوقمە ساری خەیاڵدا
نوقە و پرزەی لێ بڕابوو
وتوویانە تا دۆم ڕووتتر بێت مەزاقی خۆشترە))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٢٦٠)

لەم دەقەشدا شاعیر یەکێکی دیکە لە پەندەکانی دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی دەڵێت:(( گۆم تا قوڵ بێ مەلەی خۆشە))(خاڵ، ١٩٦٩، ل٣٤١).

## ٢.٧ گۆرانی:

گۆرانی یەکێکی دیکەیە لە بەشەکانی فۆلکلۆر کە ڕەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە لە دەقی شیعری شاعیراندا، گۆرانی((بریتییە لە هۆنراوەیەکی کورتی لیریکی ئاوازدار))(ئەحمەد، ٢٠١٩، ل٨٥). لە کۆنەوە مرۆڤەکان لە کاتی کارکردن و لە دیوەخانەکاندا گۆرانییان بە زمانێکی سادە و ساکار گوتووە، ئەم گۆرانییانە گوزارشتیان لە ناخی خەڵکەکە کردووە، خۆشی وناخۆشی سەردەمی خۆیان بە تاک و کۆمەڵ دەربڕیوە. هەریەک لەم گۆرانییانە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ دەرخەری ڕەوشت و دابونەریت و ژیانی کۆمەڵگەکەی بووە، بۆیە کاریگەری لەسەر شاعیرەکان بە گشتی و موحسین ئاوارەدا هەبوو. شاعیر کۆمەڵێک گۆرانی دەقئاوێزانی شیعرەکانی کردووە، بۆ نموونە لە شیعری (ڕەوەز)دا یەکێک لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی دەقئاوێزانی شیعرەکانی کردووە، دەڵێت:

((لە دەریای شینەوە
بووکیان دەگواستەوە بۆ کەنار
بوکە بە بارانێ بووکە بە بارانێ))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٣٢)

(بوکە بەبارانێ) نەریتێکی کۆنی نەتەوەی کورد بووە، لە سەرەتای پەڵە یان لەو کاتانەی باران کەم ببارێت یان باران بۆ جووتکردن و داچاندنی دانەوێڵە دوابکەوێت لە وەرزی پایزدا، منداڵانی دێ کۆدەبونەوە و لە دوو دار بووکە بەبارانێیان دروست دەکرد، شتی ئاڵاووالای ڕەنگاوڕەنگیان لەبەردەکرد بە کۆڵانەکانی ناو دێ و ماڵ بە ماڵ دەگەڕان و بە ئاوازێکی خۆش ئەم گۆرانیەیان دەگوتەوە.
هەروەها لە شیعرێکی دیکەدا بەناونیشانی(گوڵە مەرگدا) شاعیر سوودی لە گۆرانییەکی دیکەی فۆلکلۆری وەرگرتووە، هەروەکو دەڵێت:

((لایلایە حەمەکەی شیرینم لایلایە
ڕۆژ درەنگە و تۆش چاوت هەر لە خەوایە
ڕۆڵە ئەم خەوە قوڵەی تۆ چ خەوێکە
ئەڵێی لەناو لافاوی (ئەدەبەلەک)دا خنکاوە
ئەوە بۆ نوزەت لێ براوە؟!))(ئاوارە، ٢٠١٤، ٣٥٥)

لایلایە جۆرێکە لە گۆرانیە فۆلکلۆریەکان کە بەردەوام لە دەمی دایکەکان بۆ منداڵەکان گوتراوەتەوە، لە ڕێگەی ئەم گۆرانیەوە منداڵەکانیان لاواندۆتەوە و چەندین پەیام و ئامۆژگاریشی تێدابووە.
مەرج نییە تەنیا گۆرانی فۆلکلۆری ببن بە سەرچاوە و کەرەستەی شاعیران، بە واتایەکی دیکە مەرج نییە تەنیا سوود لە گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی کۆن وەربگرن، بەڵکو دەکرێت شاعیران گۆرانی نوێ و ڕەسەنی سەردەمەکی خۆیان دەقئاوێزانی شیعرەکانی خۆیان بکەن، هەروەکو موحسین ئاوارە لە چەندین دەقی شیعری خۆیدا سودی لە گۆرانییە دیار و ڕەسەنەکانی نەتەوەی کورد وەرگرتووە، بۆ نموونە لە شیعری(وەیلی زاڵمدا) دەڵێت:

((گەر تۆم خۆش نەویستبووایە
لەمیان مەیخانەو شەقامی چۆڵی شەوان
ڕووباری غوربەت نەدەهاتە پێشم
ڕێ گۆڕم کا..... پێچ بخوا و...... دوورم خاتەوە
بڵێسەی گەرمی گریان بکەمە بەردەبازێ
بە گۆرانی وەیلێ زاڵم بپەڕ مەوە))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٧٤)

لەم شیعرەدا شاعیر سوودی لە گۆرانی وەیلێ زاڵمکە هی( ڕەسووڵ گەردی)یە وەرگرتووە و ناونیشانەکەی شیعرەکەشی پێ مەزراندووە.
شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا بە ناونیشانی(قەیرانی ناو قۆزاخە)دا بەهۆی پرۆسەی هەڵمژینەوە، یەکێک لە گۆرانیە بەناوبانگەکانی هونەرمەند مەرزیە فەریقی دەقئاوێزانی شیعرەکانی کردووە، وێنەیەکی جوانی خوڵقاندووە، دەڵێت:

(( لە یارەوە... لە یارەوە
لەو دیو هێلی ٣٤ی بێ چارەوە))(ئاوارە، ٢٠١٤، ١٧٨)
شاعیر لەم دەقەدا باسی دووری لە خۆشەویستەکەی دەکات، چۆن بەهۆی دووری لە یارەکەی دڵی وەکو زیندانی تاکە کەسی لێ هاتووە و غەمبارە.

## ٢.٨ ناوهێنانی کەسایەتییەکان:

ئاماژەکردن و ناوهێنانی کەسایەتی و شاعیر و سەرکردەکانی نەتەوەی کورد یەکێکی دیکەیە لە بەش و جۆرەکانی کولتور، موحسین ئاوارە توانیویەتی سود لەم جۆرەش وەربگرێت و دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی بکات. بۆ نموونە لە شیعری(باخی عیشق و میوەی خۆشەویستی)دا شاعیر لە ڕێگەی ناوهێنان و ئاماژەکردن بە سەرکردەیەکی گەورەی نەتەوەی کورد ئازایەتی و قارەمانییەتی کوردی باسکردووە، هەروەکو دەڵێت:

((قووڵە و شوورەی بەردین و قەڵای مێرانە
سینگم کورتە چیرۆکێکە لە مێژووی ئەم کوردستانە
سینگم سینگم
شووشەبەندی دڵە و
دڵیشم هەر دڵ نییە و گۆڕەپانە
گۆڕەپانی چوارچرایە
نەک ئەو پەیکەرە ڕووخاوەی بەردەمتان
پەیکەرە خوێن گەرمەکەی قازی تایە))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل٨٩-٩٠)

شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا بە ناونیشانی (مەلایێ جزیری و سەلمایێ زێرین)دا یەکێک لە شاعیرە ناودارەکانی شیعری کلاسیکی کوردی دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی کردووە، ئەویش(مەلای جزیرییە)، دەڵێت:

((هۆ مامەی جزیری
جارێک دەتبینم لەسەر کۆتک و سەندانە
چاوە چاوتە لەگەڵ نێڵەی گەرمی کوورە
شیشەی سزایش لە ئاگردا
وەک پشکۆی سوورە))(ئاوارە، ٢٠١٤، ل١٠٨-١٠٩)

هەروەها شاعیر لە چەندین دەقی شیعری دیکە ئاماژەی بە ناوی کۆمەڵێک کەسایەتی و شاعیری ناوداری کوردی وەک (نالی، مەحوی، علی بەردەشانی، حاجی قادری کۆیی،..... هتد) کردووە ، دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی کردووە.

## ئەنجام

سەرەتای سەرهەڵدانی چەمکی دەقئاوێزان وەکو هەموو چەمک و زاراوە زانستی و ئەدەبییەکانی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژئاواییەکان بە گشتی و هەوڵەکانی ( جولیا کریستیڤا ) بەتایبەتی . لە ئەدەبی کوردیشدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی دوای ڕاپەرین و یەکەمین کەس زاراوەی دەقئاوێزانی خستەناو بواری ئەدەبییەوە(عبداللە تاهیر بەرزنجی)بوو.

دەقئاوێزانکردنی بابەت و بەشەکانی کولتور لە سەرەتاوە تاوەکو ئێستا بەردەوامی هەیە، لە هیچ کات و سەردەمێکدا ئەم دەقئاوێزانکردنە پشتگوێ نەخراوە، چونکە کولتور ڕەهەندێکی فراوانی هەیە و هەموو لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە لە کردار و گوفتار و لایەنی مادی و مەعنەوی.

هیچ دەقێک لە هیچەوە دروست نابێت، چونکە هەموو دەقێک سایە و سێبەری دەقێکی دیکەی بەسەرەوەیە. کەواتە پرۆسەی دەقئاوێزان بە پێویستیەکی حەتمی دادەنرێت لە کایەی ئەدەبییدا.

موحسین ئاوارە یەکێکە لە شاعیر دیارەکانی ئەدەبی هاوچەرخی کوردی، لە زۆربەی دەقی شیعرەکانیدا کاری لەسەر کولتور و بەشەکانی کولتور کردووە، ئاوارە لە بەرگی یەکەمی دیوانەکەیدا ڕێژەیەکی بەرچاوی بەشەکانی کولتوری دەقئاوێزانی شیعرەکانی کردووە، لەوانە: (دابونەریت، ئەفسانە، داستان، پەندی پێشینان، گەمە و گاڵتە، گۆرانی، حیکایەت و بەسەرهاتەکان، دەقئاوێزانکردنی کەسایەتیەکان).

موحسین ئاوارە لە بەرگی یەکەمی دیوانەکەیدا سودی زۆر لە(دابونەریت، ئەفسانە)وەرگرتووە، بەراورد بە بەش و جۆرەکانی دیکەی کولتور بە ڕێژەیەکی زیاتر دەقئاوێزانی ناو شیعرەکانی کردووە.

موحسین ئاوارە لە بەرگی یەکەمی دیوانەکەیدا جگە لە ئەفسانە و دابونەریتە خۆماڵییەکان، توانیویەتی ئەفسانە و دابونەریتە جیهانییەکانیش دەقئاوێزانی بەرهەمەکانی بکات.

## سەرچاوەکان

### یەکەم/ بە زمانی کوردی

#### ا / کتێب


- ئاشوری، داریوش (٢٠١٣) چەمک و پێناسەی فەرهەنگ(کولتور)، و:ابراهیم حەسەن پور، چاپی یەکەم، هەولێر: خانەی موکریان.
- ئامێدیان، فەخرەدین (٢٠١٣) فەرهەنگی شیکاری و زاراوەکانی کۆمەڵناسی، سنە: شەمسی سنە.
- ئاوارە، موحسین (٢٠١٤) کارێزە مەرجان، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- ئاوارە، موحسین (٢٠١٤) کارێزە مەرجان، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
- ئەحمەد، د.کەیفی (٢٠١٩) بنیاتی داستان لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا، سلێمانی: چاپخانەی ئنستیوتی کەلەپووری کورد.
- ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد (٢٠١٥) فەرهەنگی زاراوەکانی ئەدەب و زانستە مرۆڤایەتییەکان، چاپی یەکەم، سلێمانی :ناوەندی غەزەلنووس.
- بایز، هەڵمەت (٢٠١٣) دەقئاوێزان لە(دواهەمین هەناری دونیا)ی بەختیار عەلیدا، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.
- بێکەس، شێرکۆ (٢٠١٢) ئێستا کچێک نیشتمانمە (دەقی والا). چ١، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

- رەسول ، د.عیزەدین مستەفا (٢٠١٠) لێکۆڵینەوەی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی،چاپی سێیەم، هەولێر: بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس.
- سابیر، رەفیق (٢٠٠٣) کولتور و ناسیونالیزم، چاپی دووەم، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
- ملازادە، رێبوار محەمەد (٢٠٢١) زانستی دەق لە ئەدەبدا، چاپی یەکەم، سلێمانی: ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.
- موحسینی، مەنوچیهر (٢٠٠٢) دەروازەکانی کۆمەڵناسی، و: رێبوار سیوەیلی و کەسانی دیکە، هەولێر: دەزگای موکریان.
- مەحمود، شنۆ محەمەد (٢٠١٣) دەقئاوێزانکردن لە شیعری نوێی کوردی بە نموونەی پیرەمێرد و گۆران و لەتیف هەڵمەت، سلێمانی : بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی .


**ب/ رۆژنامە و گۆڤارەکان**

- بەرزنجی، علی تاهیر (٢٠١٩) دەقئاوێزان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا، گ. زانکۆی سلێمانی، ژ٥٩، کانوونی دووەم .
- حەوێز،سروشت جەوهەر (٢٠٢٢) دەقئاوێزان لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا بە نموونەی عەبدوڵلا پەشێو، شێرکۆ بێکەس، لەتیف هەڵمەت، گ.ئەکادیمیایی کوردی، ژ٥٠.
- خەیات، ئاری عوسمان (٢٠١٢) دەقئاوێزان ، گ.رامان، ژ ١٧٨، هەولێر .
- عەزیز، سامان جلال (٢٠١٩) دەقئاوێزانکردنی خودی لە شیعرەکانی گۆراندا، گ.زانکۆی سلێمانی، ژ ٥٩، کانونی دووەم.


**دووەم/ بە زمانی عەرەبی**

**ا/ کتێب**

- ابن المنظور ،ابی الفاضل جمال الدین (بدو سنه) لسان العرب، مجلد ١٥، بیروت: مکتبه الهلال.
- تشاندلر ، دانیال (٢٠٠٨) اسس السیمیائیه، ت:طلال وهبه، بیروت: مرکز دراسات الوحده العربیه.
- جوف، فانسان (٢٠٠٤) الادب عند رولان بارت، ت: د.عبدالحمن ابو علی، لاذقیه: دار الحوار للطابعه و النشر و التوزیع.
- الخلیل، سمیر (٢٠١٦) دلیل المصطلحات الدراسات الثقافیه و النقد الادبی، بیروت: دار الکتب.
- الغذامی،عبدالله (١٩٨٥) الخطیئه و التفکیر من البنویه الی التشریحیه، ط١، دمشق، جده.
- کریستیڤا، جولیا (١٩٩١) علم النص، بیروت: الدار العربیه للعلوم.
- مفتاح، محمد (١٩٨٥) تحلیل الخطاب الشعری(استراتیجیه التناص)، ط ٢، لبنان: دار الینویر الطابعه و النشر .

**التناص التراثي في ديوان (كاريزه مرجان) لشاعر محسن أوارة**

**اسماعيل حمدامين سليمان/** قسم اللغة الكردية،كلية التربية/شقلاوة،
جامعة صلاح الدين – أربيل،أقليم كوردستان،العراق
Ismail.sleman@su.edu.krd

**مخلص**

التناص التراثي في ديوان (كاريزة مرجان) لشاعر محسن آوارة هو عبارة عن بحثٍ علميٍ، وقد اتَّخذ البحث المجلد الأول من ديوان ( كاريزة مرجان) لشاعرمحسن آوارة مادةً له. وقد سلك البحث المهج الوصفي التحليلي مسلكاً له، ويعد هذا البحث محاولة لمزيد من تحليل العلاقة بين التراث والأدب بشكل عام والتراث والشعر بشكل خاص ومحطة التقائهما. وتعتبر التراث جزءاً مهماً من تاريخ الأمة ويُعد سببا رئيسا لبقاء الأمم .

لذلك في هذه الدراسة كان هناك عدد من الأسئلة الأساسية التي أجبنا عليها قدر المستطاع، على سبيل المثال: ما هي مفاهيم ومصطلحات النص؟ ما هي قواعده وأنواعه؟ وما هو مفهوم التراث ومصطلحها وما هي أنواعها؟ إلى أي مدى تمكن (محسن آوارة) من دمج كافة جوانب التراث في نص قصائده؟ وقد حاولنا طوال رحلة الدراسة الإجابة على هذه الأسئلة نظريا وعمليا.

ويتكون البحث من قسمين رئيسَين، على النحو التالي: يتكون القسم الأول من مبحثين رئيسَين: تناول المبحث الأول مفهوم التناص، ومصطلحاته، وتعريفه، وأنواعه، وقوانينه، وآلياته. أما المبحث الثاني فقد تناول مفهوم التراث، ومصطلحها، وتعريفها، وأقسامها. أما في القسم الثاني فقد درسنا المجلد الأول من ديوان (كاريزة مرجان) لشاعر محسن أوارة علمياً، وتحدثنا فيه عن جميع أقسام التراث قدر الإمكان.

**الكلمات المفتاحية:** التناص، التراث، محسن آوارة، عادات و تقاليد، فلكلور .

**Traditional Intertextuality in the Diwan (Kariza Margan) by Poet Mohsen Awara**

**Ismail Hamadameen Sleman/** Department of Kurdish language,
College of Education/Shaqlawa, Salahaddin University-Erbil ,
Kurdistan Region, Iraq
Ismail.sleman@su.edu.krd

**Abstract**

Heritage intertextuality in the Diwan (Kariza Margan) by the poet Mohsen Awara is a scientific research, and the research has taken the first volume of the Diwan (Kariza Margan) by the poet Mohsen Awara as a material for him. The research has followed the descriptive and analytical approach in its course, and this research is an attempt to further analyze the relationship between heritage and literature in general and heritage and poetry in particular and their meeting point. Heritage is an important part of the nation's history and is a major reason for the survival of nations.
In this study there were a number of basic questions that we answered as much as possible, for example: What are the concepts and terminology of the text? What are its rules and types? What is the concept and terminology of heritage and what are its types? To what extent was Mohsen Awara able to incorporate all aspects of heritage into the text of his poems? Throughout the study journey, we tried to answer these questions theoretically and practically.
The research consists of two main sections, as follows: the first section is composed of two main parts the first of which deals with concept of intertextuality, terminology, definition, types, laws, and mechanisms. whereas the second part comes across the concept of heritage, its term, definition. In the second section, we studied the first volume of the Diwan (Kariza Marjan) by the poet Mohsen Awara scientifically, and talked about all sections of heritage as much as possible.

**Keywords:** intertextuality, heritage, enhancer of war, customs and traditions, folklore.